https://www.doi.org/10.31918/twejer.2141.10

e-ISSN (2617-0752) p-ISSN (2617-0744)

# حوکمڕانی لە سەردەمی قەیرانەکان

## ڕێکاری سوید لە بەرەنگاربوونەوەی کۆڕۆنا

د. هێمن نامق جمیل

زانکۆی سۆران، فاکەڵتیی یاسا و زانستە سیاسییەکان و بەڕێوەبردن

بەشی سیاسەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە هەڵوەستە لەسەر ڕێکاری سوید دەکات، وەکو ڕێکارێکی جیاواز لە ڕێکارە باوەکانی ئەورووپا و دونیا، لە مامەڵەکردن لەگەڵ قەیرانی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ – Covid19 کە لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٩ ەوە لە چین و پاشان لە تەواوی دونیا بڵاوبووەوە. سوید لە بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ تەوژمی یەکەمی کۆرۆنا لە مانگی کانوونی دووەم تا کۆتایی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٠ جیاواز لە ڕێکاری باوی دونیا، قەدەغەی گشتی هاتوچۆی ڕانەگەیاند، هاوڵاتییەکانی بە زۆر لە ماڵەوە نەهێشتەوە و بازاڕی دانەخست و قوتابخانەی منداڵانی خوار تەمەن ١٦ ساڵیشی بە کراوەیی هێشتەوە. ڕاستە لەو قۆناغەدا نزیکەی ٦٠٠٠ کەس بوونە قوربانی و مردن، بەڵام زۆرینەی هەرە زۆریان ئەوانەن کە لە خانەکانی بەساڵاچووان بوون و تەمەنیان لە نێوان ٥٠ بۆ ٩٠ ساڵی بوو. ئەوەش لە ئەنجامی هەندێ هەڵە لەو خانانە بووە، کە دواتر وەکو خاڵێکی نەرێنی لەسەر ڕێکارەکە هەژمار کرا. ئەم توێژینەوەیە پرسیار دەکات کە ئەو ڕێکارەی سوید چۆنە و لەسەر چ بنەمایەک و فەلسەفەیەک پشتی پێ بەستراوە و هەرێمی کوردستان لە چ سێکتەرێک دەتوانێت سوود لەو ئەزموونە وەربگرێت؟ توێژینەوەکە بەو ئەنجامە گەیشتووە کە ئەو ڕێکارە لەسەر کۆمەڵێک تایبەتمەندی بونیادنراوە، کە پەیوەستن بە کۆمەڵگەی سوید وەکو متمانەی بەرزی نێوان خەڵک و دامەزراوە دەوڵەتییەکان، کولتوری تاکپارێزی، دوورەپەرێزیی کۆمەڵایەتیی خۆکرد، کولتوری بەرپرسیارێتیی گشتی و پەیڕەوکردنی لە کاتی تەنگەژەدا. ناسینی ئەو تایبەتمەندییانە پێویستن بۆ ئەوەی لەو ڕێکارە بگەین و بزانین بۆ سوید خۆی لە ڕێوشوێنی باوی وڵاتان جیاکردەوە. لە کۆتاییشدا ئەم توێژینەوەیە هەندێ خاڵی وەکو وانە باس کردووە کە دەکرێ لە ئەزموونی سویدەوە سەرنجیان لێ بدەین و لە هەرێمی کوردستاندا سوودیان لێ وەربگرین. ئەم توێژینەوەیە پەیڕەوی

ڕێبازی چەندایەتی لە کۆکردنەوەی داتاکان دەکات و ڕێبازی شیکاری و وەسفی بۆ خستنەڕوو و لێکدانەوەی داتاکان بەکاردەهێنێت.

وشە کلیلییەکان: کۆڕۆنا، Covid-19، سوید، حوکمڕانی، هەرێمی کوردستان

## حوکمڕانی لە سەردەمی قەیرانەکان

## ڕێکاری سوید لە بەرەنگاربوونەوەی کۆڕۆنا

### ١. پێشەکی

سوید یەکێکە لە وڵاتانی ئەسکەندەنافی کە کەوتۆتە باکووری ئەورووپا لە نێوان دانیمارک و فینلەندا و نۆرویج و لایەکی دەریای بەڵتیکە. ژمارەی دانیشتوانی سوید سەرووی ١٠ ملیۆن کەسە و تەنیا ٨٠٪ی دانیشتوانەکەی بە ڕەگەز سویدین، باقی خەڵکەکە بیانین. گەشەی دانیشتوانی سوید ٠.٧٩٪ یە، ئەمەش وڵاتەکە لە ڕیزی پیرەکان حساب دەکات. دانیشتوانەکەی بە گوێرەی گرووپی تەمەن بەسەر ئەم گرووپانەدا دابەش بوون (٠-١٤ ساڵ ١٧.٧١٪، ١٥-٢٤ ساڵ ١٠.٨٪، ٢٥-٥٤ ساڵ ٣٩.٠١٪، ٥٥-٦٤ ساڵ ١١.٩٪، و ٥٦ ساڵ بەرەو سەروو ڕێژەکەی ٢٠.٥٩٪ یە). ئەمە مانای وایە کە ئەوانەی تەمەنیان لە سەرووی ٥٥ ساڵییەوەیە ڕێژەی ٣٢.٤٩٪ی دانیشتوانی ئەو وڵاتە پێکدەهێنن. ئەو ڕێژە بەرزەی ئەو گروپەی تەمەن کاریگەریی هەبوو لە سەر بەرزی ڕێژەی مردن لە شەپۆلی یەکەمی کۆڕۆنای نوێ – Covid19 (بڕوانە باسی ٢.٤). تێکڕای تەمەن لەو وڵاتە ٨٢.٤ ساڵە بە جۆریک ڕەگەزی نێر ٨٠.٤ ساڵ دەژی و ڕەگەزی مێ ٨٤.٥ ساڵ دەژی (CIA Factbook, 2020). ئەم زانیارییانەی سەرەوە تێگەیشتنێکی باشمان پێ دەدات بۆ ئەوەی لە ڕووی دانیشتوانەوە لە کۆمەڵگەی سویدی تێ بگەین، بۆ ئەوەی دواتر لە خستنەڕوو و هەڵسەنگاندنی سیاسەتەی بەرەنگاربوونەوەی ئەو ڤایرۆسە بەرچاوڕوونی پێویست هەبێت.

لەوەتەی ئەو ڤایرۆسە لە چین و دواتر وڵاتانی دیکە لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٩ بڵاوبۆتەوە و دونیای خستۆتە بارێکی تایبەتەوە، ڕێکاری بەرەنگاربوونەوەی سوید بۆتە جێگای باس و خواسی دەوڵەتان و

لێکۆڵەرانی نێوخۆیی و دەرەکی و هەروەها میدیا ناوداره جیهانییەکانی وەکو واشنتن پۆست و نیویورک تایمزی ئەمریکی و گاردیانی بەریتانی سەدان وتار و ڕاپۆرتیان لەسەر نوسیووه. بۆ ئەوەی ئەو ڕێکاره تایبەتەی سوید له ئیدارەکردن و حوکمڕانی له سەردەمی قەیران و کێشەیەکی پەتایی گەردوونی وەکو کۆڕۆنا ڤایرۆس بناسین، به پێویستمان زانی ئەو توێژینەوەیە ئەنجام بدەین.

## ١.١ کێشەی توێژینەوە

که ڤایرۆسی کۆڕۆنای نوێ له زۆرینەی وڵاتانەوە به هۆکاری هاتوچۆ بڵاوبووەوە، ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی به ئەزموون وەرگرتن له جۆرەکانی پێشووی بەرەنگاربوونەوەی ڤایرۆسه گوازراوەکان هەندێ ڕێوشوێنی سەرەتایی که دواتر وردەورده گۆڕانکاریی بەسەردا دەهات، خسته بەردەم وڵاتان. ئەزموونی باو بووه قەدەغەکردنی هاتوچۆ بەشێوەیەکی ناتەواو و دواتر قەدەغەی تەواوی هاتوچۆ بۆ چەند ڕۆژ و دواتر هەفته و مانگیش. داخستنی سنوور، شوێنه گشتییەکان، بازاڕ و ناوەندەکانی خوێندن و ناردنەوەی خەڵک بۆ ماڵەوه بۆ ئەوەی بەریەککەوتن کەمبێتەوه و دامەزراوه تەندروستییەکان بتوانن به باشی چاودێریی تەندروستیی ئەو کەسانه بکەن که سەرەتا ڤایرۆسەکەیان گرتووه و له خەڵکی دیکه دایان ببڕن. بەڵام له سوید دۆخەکه به جۆرێکی دیکه مامەڵەی له گەڵ کرا و نه قەدەغەی هاتوچۆ ڕاگەیاندرا و نه سنوور داخرا و نه بازاڕ و شوێنه گشتییەکان. هەندێ ڕێوشوێنی خۆپارێزی گیرانه بەر (بڕوانه باسی ٢.٢)، که ئەزموونێکی جیاوازی له ئەزموون و ڕێوشوێنه باوەکانی دونیا پیشاندا. میدیا دیارەکانی وڵاتان و سەرکردەکانی هەندێ وڵات، وەکو دۆناڵد ترەمپ به نموونه، کەوتنه هەڵسەنگاندن و چاودێری و تەنانەت توانجگرتن لەو ئەزموونه و ناو و ناتۆرەی جیاوازیشیان خسته پاڵیان.

بۆ ئەوەی لە وردەکاریی ڕێکاری سوید بۆ بەرەنگاربوونەوەی کۆرۆنای نویٚ تێبگەین، پێویستە بە وردی بچینە ناو کۆمەڵگەی سویدییەوە و لێکۆڵینەوەیەکی فرەڕەهەندی دامەزراوەیی و کۆمەڵناسی و تەنانەت ئەنترۆپۆلۆژیش ئەنجام بدەین. ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵێکی لەم جۆرەیە.

## ٢.١ پرسیاری توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات لەو ڕێکارە جیاوازە بکۆڵێتەوە کە وڵاتی سوید لە بەرەنگاربوونەوەی کۆرۆنای نویٚ گرتیەبەر و وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە:

یەکەم: جیاوازی ڕێکاری سویدی بۆ بەرەنگاربوونەوەی کۆرۆنا لەگەڵ ڕێکاری باوی زۆرینەی وڵاتان چییە؟

دووەم: فەلسەفە و سیاسەتی سەرەکی پشت ئەو ڕێکارە چییە و لەسەر چ بنەمایەک و هۆکارێک داڕێژراوە و بۆتە خاوەن ئەو جیاوازییە؟

سێیەم: لە چ بوارێکدا هەرێمی کوردستان دەتوانێت سوود لەو ئەزموونە وەربگرێت؟

## ٣.١ بایەخی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە لە زۆر لاوە گرنگە وەکو:

**یەکەم:** ڕێکاری سوید وەکو ڕێکارێکی تایبەت سەیر دەکریٚ کە ژیانی گشتی بە تەواوی پەکنەخستووە. ئەمەش گرنگە لێی بکۆڵینەوە بۆ ئەوەی بزانین لە کوێی ئەو ڕێکارە بواری ئەوە هەیە کە هەرێمی کوردستان هەوڵ بدات لەگەڵ ڕەچاوکردنی باردۆخی بابەتی خۆی، سوودی لێوەربگرێت و لە ئێستا و لە ئەگەری هەر جۆرە شەپۆلێکی دیکەی ئەم

ڤایرۆسە یان پەتای هاوشێوە، ئەو لایەنانەی دەکرێت سوودیان لێ وەربگیرێت، لەبەرچاوبگیرێت.

**دووەم:** وێڕای ئەوەی ئەو ڕێکارەی مامەڵەکردن لەگەڵ ڤایرۆسەکە لە کاتی ئامادەکردنی ئەم توێژینەوەیە سویدی کردبووە یەکەمین وڵات یان لە هەندێ ڕۆژ یەکێک لە وڵاتە لە پێشەکان لە ڕووی ژمارەی مردنەوە بە بەراورد بە ژمارەی دانیشتوان، گرنگە بزانین کە هۆکار چییە داڕێژەرانی ئەو سیاسەتە بەردەوام بوون لە بەرگریکردن لێی و نەهاتنە ڕیزی ڕێکاری باوی وڵاتانی دیکە؟ هەروەها سوودەکانی ئەو سیاسەتە بۆ کۆمەڵگەی سویدی لە کوێدایە؟

**سێیەم:** ئەم توێژینەوەیە لەو هۆکارانە دەکۆڵێتەوە کە سوید پشتی پێ بەستوون بۆ ئەوەی ببێتە خاوەن ئەو ڕێکارە تایبەتەی مامەڵەکردن لەگەڵ کۆڕۆنا. ناسینی ئەو هۆکارانە سوودبەخشە بۆ ئەوەی بزانرێت کە پێویستە لە سەر چ بنەمایەک سیاسەتی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو ڤایرۆسە یان پەتای هاوشێوە دابڕێژرێت. هەڵبەت بە ڕەچاوکردنی تایبەتمەندیی هەرێمی کوردستان و کۆمەڵگەی کوردەواری.

### ٤.١ میتۆدی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە لە سێ ڕەهەندی گرنگی ناو توێژینەوەکانی زانستی سیاسەت لەو کەیسە دەڕوانێت کە بریتین لە پرسی دامودەزگایی، ڕەفتای کۆمەڵایەتی و بابەتی متمانەی سیاسی. بۆ بەدیهێنانی ئەمە، ئەم توێژینەوەیە پشت بە ڕێبازی چۆنایەتی Qualitative approach دەبەستێت بۆ بونیادنان و خستنەڕووی ئارگومێنتەکانی. داتای دەستی یەک Primary data بریتییە لە ستراتیژی فەرمی سوید کە خۆی لە دەکیومێنتی فەرمی دامەزراوەی تەندروستیی ئەو وڵاتە و لێدوان و دیداری بەرپرسەکانی لەگەڵ ڕوانگەی دامەزراوەی تەندروستیی جیهانی

دەبینێتەوە. توێژینەوەکە بەراوردکاری نییە لەگەڵ هەرێمی کوردستان بەڵکو تەنیا لە کۆتاییدا لە چەند خاڵێکدا وەکو پێشنیار دۆخی هەردوو کەیس تاوتوێ دەکرێت. لە ڕووی داتاوە ئەوەی پەیوەندی بە هەرێمی کوردستانیشەوە هەیە، داتای دەستی یەک بریتین لە بەیاننامەکانی وەزارەتی ناوخۆ کە نوێنەرایەتیی لیژنەی باڵای بەرەنگاربوونەوەی کۆڕۆنا دەکات، هەروەها بڵاوکراوەکانی وەزارەتی تەندروستی سوودیان لێ وەرگیراوە. داتای دەستی دوو Secondary sources بریتین لە ڕاپۆرتی ڕۆژنامەوانی، توێژینەوەی بڵاوکراوەی کۆمەڵناسی و مرۆڤناسیی تایبەت بە وڵاتی سوید. لە هەندێ بەشی توێژینەوەکە داتای چەندێتی Quantitative data بەکارهێندراوە کە لە سەرچاوەی فەرمی و باوەڕپێکراو وەرگیراون بۆ پشتگیریکردنی ئەرگومێنتەکان و پشتڕاستکردنەوەیان. بۆ خستنەڕووی داتاکانیش، ڕێبازی شیکاری و وەسفی بەکارهێندراون.

### ٥.١ چوارچێوەی توێژینەوە

لەبەرئەوەی پرسی بەرەنگاربوونەوەی کۆڕۆنا بابەتێکی نوێیە و بە خێرایی سیاسەتەکان و ڕێوشوێنەکانی ڕووبەڕووبوونەوە گۆڕانکارییان بەسەردا دێت، ئەم توێژینەوەیە تەنیا مامەڵە لەگەڵ شەپۆلی یەکەمی ڤایرۆسەکە و ڕێکاری بەرەنگاربوونەوەکەی لە وڵاتی سوید دەکات کە دەکرێت بگوترێت لە ٣١ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٠ کە یەکەمین کەیسی تووشبوون بە کۆڕۆنا لە سوید تۆمارکراوە تا کۆتایی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٠ کە ژمارەی مردووان گەیشتە نزیک شەش هەزار کەس، چونکە لە وەرزی پایزی ٢٠٢٠ بە دواوە کە دەنگوباسی بڵاوبوونەوەی شەپۆلێکی نوێی ڤایرۆسەکە لە ئەوروپا و وڵاتانی دیکە هەیە، دیار نییە کە سوید بۆ ئەو قۆناغە هیچ گۆڕانکارییێک بەسەر ئەو ڕێکارەدا دەهێنێت یان نا. بۆیە

ئێمە تەنیا هەڵوەستە لەسەر قۆناغی یەکەم دەکەین و ئەوەی دیکە بۆ توێژەرانی دیکە بەجێ دەهێڵین تا سەروکاری لەگەڵ بکەن.

### ٦.١ پێکهاتەی توێژینەوە

جگە لە بەشی پێشەکی کە لە سەرەوە وردەکارییەکەی خراوەتەڕوو، ئەم توێژینەوەیە لە چوار بەشی دیکە پێکهاتووە. لە بەشی دووەم، ڕێکاری سوید بۆ بەرەنگاربوونەوەی کۆڕۆنای نوێ لە دوو باسدا خراوەتەڕوو. لە بەشی سێیەم، هاتووینەتە سەر تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگەی سویدی و لە ڕوانگەیەکی کۆمەڵناسیی سیاسی و مرۆڤناسییەوە ئەو بابەتە تاوتوێ کراوە. بەشی چوارەم تایبەت کراوە بە سەرنج و هەڵسەنگاندنی ئەزموونی سوید بۆ بەرەنگاربوونەوەی کۆڕۆنا. لە بەشی پێنجەم هەڵوەستەمان لەسەر ئەو وانانە کردووە کە هەرێمی کوردستان دەتوانێت لەو ئەزموونەی سوید فێرببێت و بە ڕەچاوکردنی باردودۆخی خۆی سوودیان لێ وەربگرێت. لە کۆتاییشدا دەرەنجامەکانی توێژینەوە کە وەڵامی پرسیارەکانی توێژینەوەش لەخۆدەگرێت خراونەتەڕوو.

## ٢. ڕێکاری سوید بۆ بۆ  بۆ بەرەنگاربوونەوەی کۆڕۆنای نوێ

لەم بەشە باس لەو دامەزراوانە دەکەین کە بەرپرسن لە دروستکردنی سیاسەتی بەرەنگاربوونەوەی ڤایرۆسەکان و تایبەتمەندیی ڕێکاری سویدی لە قۆناغی یەکەمی بەرەنگاربوونەوەی کۆڕۆنای نوێ دەخەینەڕوو.

### ٢.١ بەرەنگاربوونەوە لە ڕووی دامەزراوەییەوە

لە وڵاتانی دونیا سەرۆکی دەوڵەت، سەرۆکوەزیران یان وەزیری تەندروستی لە پێش میدیا و چاوی کامێراکانن بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی گشتی باس لە سیاسەت و ڕێوشوێنەکانی خۆپارێزی و

بەرەنگاربوونەوەی ئەو ڤایرۆسە لەگەڵ خەڵک بکەن. لە سوید دۆخەکە جیاوازە و دامەزراوە و کەسێکی دیکە بەردەوام لە بەرچاوی خەڵکن. ئەو دامەزراوەیە ناوی ئاژانسی تەندروستیی گشتی سویدییە (لەمەولا تەنیا بە ئاژانس ناوی دەبەین) کە بە زمانی خۆیان Folkhälsomyndigheten ی پێ دەڵێن، دەزگایەکی دەوڵەتیی پرۆفێشناڵە و لە ڕووی ئیدارییەوە سەر بە وەزارەتی تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتیی حکومەتی سویدە، بەڵام لە ڕووی ئەرک و دەسەڵاتەوە، وەکو دامەزراوەیەکی دەوڵەتی ناسیاسی سەربەخۆ، بە گوێرەی دەستوور، هەڵسوکەوت دەکات (Folkhälsomyndigheten, 2020). ئەمە مانای ئەوەیە کە حکومەت لەسەر پێشنیاز و ڕاسپاردەکانی ئەو دامەزراوەیە لەگەڵ کەیسی کۆڕۆنای نوێ هەڵسوکەوت دەکات. پێشنیازەکانی لەلایەن حکومەتەوە خاسیەتی پابەندێتییان هەیە و نابێ ڕەتبکرێنەوە. ئەم سەربەخۆییە لە پێناوی سنووردارکردنی گەندەڵی و دڵنیابوونە لە زانستێتیی بڕیارەکان. پرۆفیسۆر Li Bennich-Björkman لە بەشی حوکمڕانیەت لە زانکۆی ئۆپسالا دەڵی "لە کەیسی کۆڕۆنادا حکومەت پێشڕەوایەتییەکە دەکات، بەڵام هەموو کات پێویستە کە ڕێز بۆ پسپۆڕێتی و سەربەخۆیی ئاژانسەکان دابنرێ" (Edwards, 2020).

لە پەیجی فەرمی ئاژانس بەم جۆرە باس لە ئەرکەکانی کراوە کە "ئاژانسی تەندروستیی گشتیی سویدی بەرپرسیارێتیی نیشتیمانی لە ئەستۆیە لە پرسەکانی تەندروستیی گشتی و کارکردن بۆ دڵنیابوون لە تەندروستییەکی گشتی. هەروەها "ئەو ئاژانسە کاردەکات بۆ دڵنیابوون لەوەی کە دانیشتوان پارێزراون لە نەخۆشییە گوازراوەکان و هەڕەشە تەندروستییەکانی دیکە" (Folkhälsomyndigheten, 2020). ئەم ئاژانسە لەلایەن پزیشکێک بە ناونیشانی پەتاناسی دەوڵەت (بە سویدیەکەی، statsepidemiolog و ئینگلیزی state epidemiologist) سەرۆکایەتی دەکرێت و بە نوێنەرایەتیی ئەم ئاژانسە

قسە بۆ میدیاکان دەکات. لە ڕاپۆرتێکی The Localی سویدی هاتووە کە تا ڤایرۆسی کۆڕۆنا نەهات، ژمارەیەکی زۆری خەڵکی سوید کەسێکیان بەم ناونیشانەوە نەدەناسی. ئێستا پسپۆڕێک بە ناوی Anders Tegnell وەکو پەتاناسی دەوڵەت دێتە بەردەم مایکی ڕاگەیاندنکاران و ڕێنماییەکان و پەرەسەندنەکان لەبارەی کۆڕۆنا بۆ خەڵک باس دەکات (Edwards, 2020). لەبارەی دروستکردنی بڕیار و سیاسەتی کارکردن لە دژی کۆڕۆنا لەو ئاژانسە، پەتاناسەکەی دەوڵەت دەڵێ "هەموو بەیانییەک ١٥ ئەندامی باڵای ئاژانس کۆبوونەوە دەکەین و لەسەر بنەمای داتای نوێ و لێکدانەوەکان، پێداچوونەوە بە بڕیارەکان دەکەین و بڕیارەکان لەگەڵ حکومەتە خۆجێییەکان دابەش دەکەین" (Paterlini, 2020).

پشتبەستن بە پسپۆڕان و دامەزراوەی تایبەت لە کۆمەڵگەی سویدی دیاردەیەکی نوێ نییە. ئەم نەریتە دامەزراوەییە مێژوویەکی درێژی لەم وڵاتە هەیە. لە وڵاتی سوید بۆتە نەریت کە حکومەت ڕاوێژ لەگەڵ پسپۆڕان دەکات پێش ئەوەی بڕیاری هەستیار بدات و ئەو ڕاوێژکردنەش شوێنی خۆی دەگرێت (Milne, 2020). هەر لەسەر ڕاسپاردەی ئەم ئاژانسە و پسپۆڕەکانیەتی کە سوید لە بەرەنگاربوونەوەی کۆڕۆنای نوێدا ڕێکارێکی تایبەتمەندی هەیە کە جیاوازە لە ڕێکاری زۆرینەی وڵاتانی دونیا و لە قۆناغی یەکەمی بەرەنگاربوونەوەی ڤایرۆسەکە، داڕێژەرانی ڕێکارەکە و حکومەتی سوید بەرگری لێ دەکەن. ئەمە مانای ئەوە دەگەیەنێت کە لە سیستەمی حوکمڕانیی سویدیدا، بە تایبەت لە پرسی سیاسەتی تەندروستیی گشتی کە لێرە هەڵوەستەی لەسەر کراوە، کارەکان بە دامەزراوەیی و لە سەر بنەمای ڕاوێژ و ڕەچاوکردنی پسپۆڕی وەکو ئەوەی لە دەستوور و یاسا و ڕێنماییە بەرکارەکان نووسراون، بەڕێوەدەچن. ئەمەش سەقامگیریی دامەزراوەیی و متمانەی هاوڵاتییان بە بڕیارەکان دەپارێزێت. ئەم تایبەتمەندییانەش توخمی گرنگی ناو گەشە و سەقامگیریی حوکمڕانین لە وڵاتاندا (Zmerli and Hooghe, 2013).

## ٢.٢ ڕێکاری سوید بۆ بەرەنگاربوونەوەی کۆرۆنای نوێ و تایبەتمەندییەکانی

کە ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ لە وڵاتی چینەوە بە هۆی هاتوچۆ و گەشتەوە گوازرایەوە بۆ وڵاتانی دیکەی دونیا، هەر وڵاتێک بە جۆرێک هەنگاوە سەرەتاییەکانی بەرەنگاربوونەوەی گرتەبەر. ڕێکارەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی ڤایرۆسەکە زۆر لە یەک جیاواز نین، چونکە زۆرینەی وڵاتان پەیڕەوی لە ڕێوشوێن و ڕێنماییەکانی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی دەکەن بە گوێرەی ئاستی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسەکە لە ناو کۆمەڵگەدا. وڵاتانی دراوسێی سوید، بە تایبەت دانیمارک و فینلەندا و نۆرویج، هاوشێوەی زۆرینەی وڵاتانی دیکەی دونیا، بە توندی سنوورەکان، قوتابخانە و دامەزراوە پەروەردەییەکانیان داخست و گردبوونەوەی خەڵکیان قەدەغەکرد. ئەمە بۆ ئەوەی کەمترین بەریەککەوتنی خەڵک دروست ببێت، کە لە ڕێگایەوە ڤایرۆسەکە دەگوازرێتەوە و ڕێژەی تووشبوون و مردن زیاد دەکات. سوید ڕێگایەکی نوێی هەڵبژارد کە هەندێک بە (ڕێکاری نەرم - Soft or relaxed approach) (Edwards, 2020) و هەندێکیش بە (ڕێکاری چاوەڕێ و سەیر بکە - wait and see approach)(Foster, 2020) و هەندێکیش ناویان ناوە (ڕێکاری لەیزە فەیەر - laissez-faire approach) کە چەمکێکی گرنگی ناو سیستەمی سەرمایەدارییە و مانای دەستێوەرنەدانی دەوڵەت و دوور ڕاوەستانێتی بۆ ئەوەی ئابووری و بازاڕ بە خۆیان کاری خۆیان بکەن (Miltimeor, 2020). لەم دۆخەدا ڕێکاری لەیزە فەیەر مانای ئەوە دەگەیەنێت کە حکومەت لێگەڕاوە خەڵک خۆپارێزی بکات نەک لە ڕێی ناچارکردنەوە، وەکو ئەوەی لە زۆرینەی وڵاتان پەیڕەوکرا، ئەم پرۆسەیە بچێتە پێشەوە.

ئەم ڕێکارەی سوید هەر لە سەرەتاوە بە نەرمی مامەڵەی کردووە و ڕێگای داوە کە ڤایرۆسەکە لە ناو خەڵک بڵاوببێتەوە بۆ ئەوەی بەرگریی لەش دروست ببێ یان بەرگریی کۆمەڵگەیی کە بە زمانە زانستییەکەی پێی دەڵێن* Herd immunity. سوید ژیانی بە تەواوی دانەخست و قەدەغەی هاتوچۆ بە هیچ جۆرێک ڕانەگەیاندرا. ڕێگە درا قوتابییانی خوار تەمەنی ١٦ ساڵی برۆنەوە قوتابخانەکان و خانەوادەکان سەرپشک کران کە منداڵەکانیان بنێرنە قوتابخانە یان بە ڕێگای ئەلیکترۆنی بخوێنن. تەنیا قوتابخانەکانی ئامادەیی و زانکۆکان داخران. مۆڵ و کافتریا و چێشتخانە و بارەکان بە کراوەیی هێڵدرانەوە و داوا کرا کە خەڵک خۆپارێزی بکات و لە کاتی دانیشتن و قسەکردن مەودای ٥.١ مەتر لە نێوانیان بهێڵنەوە و تا بکرێت نەڕۆنە شوێنی جەنجاڵ. هەروەها گردبوونەوەی گشتی سنووردار کرا و سەرەتا گردبوونەوەی زیاتر لە ٥٠٠ کەس قەدەغەکرا و دواتر ژمارەکە کەمکرایەوە بۆ ٥٠ کەس (Edwards, 2020b). ئەمە لە کاتێکدایە لە زۆرینەی وڵاتانی دیکە لە ماوەی جیاجیا قەدەغەیی تەواو یان سنوورداری هاتوچۆ و داخستنی تەواوی دامەزراوە خزمەتگوزارییەکان و بازاڕ بۆ بەرگرتن لە تەشەنەکردنی ڤایرۆسەکە دەگیرایە بەر.

لەبارەی گۆشەگیرکردنی گشتی یان کەرەنتین** ی گشتی خەڵک، بەرپرسانی سویدی هەر زوو ئەو ڕێوشوێنەیان ڕەتکردەوە. بەلای ئاژانس "ئاخنینی خەڵک لە ماڵەکانیان لە ماوەیەکی درێژدا سوودی نییە، بەو مانایەی ناتوانرێت تا ماوەیەکی درێژ خەڵک لە ماڵەکانیان قوفڵ بدرێن و ناچار بکرێن لە ماڵەوە بمێننەوە، لە کۆتاییدا هەر دێنە دەرەوە" (Walsh, 2020). قەدەغەی هاتوچۆ نەکرا، بەڵام داوا لە خەڵک کرا کە ئەگەر دامەزراوەکانیان ڕێگایان پێ دەدات، لە ماڵەوە کاربکەن، گەشت نەکەن، خۆپارێزی کۆمەڵایەتی بکەن و پەیڕەوی لە پاکوخاوێنی و دەستشۆردن بکەن وەکو لە ڕێنماییە تەندروستییەکاندا هاتووە (Pieper, 2020). پەنانەبردنە بەر قەدەغەی هاتوچۆ و داخستنی گشتی، پاساوی یاساییشی

هەیە. سیستەمی یاسایی سویدی بەرپرسیارێتیی خۆپارێزی خستۆتە ئەستۆی خەڵک. یاسا ڕێگا نادات هەموو خەڵک کەرەنتین بکرێن و قەدەغەی هاتوچۆی گشتی ڕابگەیەنرێت. بە سنووردارى لە قوتابخانەیەک، گەڕەکێک یان هوتێلێک دەتوانرێت ئەمە بکرێت، بەڵام نایاساییە لە جوگرافیایەکی دیاریکراو قەدەغەی هاتوچۆی تەواوەتی ڕابگەیەندرێت" (Paterlini, 2020). هەروەها سەرۆکی ئاژانس لە دیدارێکی فایناشیەڵ تایمز دژایەتیی خۆی بۆ داخستنی گشتی خستۆتەڕوو بە "هەوڵدان بۆ کوشتنی مێشوولە بە چەکووش" ناوی بردووە (Milne, 2020).

باوەڕنەبوونی ئاژانس و پسپۆڕەکانی بە داخستنی گشتی لە ڕوانگەی تێگەیشتنی دوورمەودا و چارەسەری درێژخایەنە بۆ پرسی ڕووبەڕووبوونەوەی پەتای کۆڕۆنای نوێ. لەبارەی ئەوەی کە بۆچی قەدەغەی هاتوچۆیان ڕانەگەیاند، ئاژانسی تەندروستیی سوید پێی وایە "تەنیا دەتوانرێت ئەو ڕێوشوێنە توندانە بۆ ماوەیەکی سنووردار بگیرێنە بەر. بۆیە پێویستە بە دوای ڕێگایەکی دیکەدا بگەڕێین. هەست دەکەین کە ئەو ڕێکارەی ئێمە درێژخایەنترە و لە دوورمەودادا دەرئەنجامی باشتری دەبێت" ( Braw, 2020). هەروەها ئەوان باوەڕیان وایە کە "ئەو دۆخە تا ماوەیەکی درێژ بەردەوام دەبێت و کەس بە دروستی نازانێت چەند دەخایەنێت. بۆ دۆخێکی ئاوا ناکرێت ژیان بە تەواوی بوەستێت. ئێمە لەگەڵ چارەسەری خێرا نین وەکو ئەوەی سیاسییەکان لە وڵاتانی دیکە بیری لێ دەکەنەوە. ئێمە لەگەڵ خۆگونجاندن و چارەسەری درێژخایەنین کە بریتییە لە بەرپرسیارێتیی تاکەکان لە پرسی خۆپارێزیدا" (Milne, 2020). هەر بۆیە سوید ئەو ڕێکارەی هەڵبژارد بۆ ئەوەی خەڵک خۆیان لەگەڵ ئەو دۆخە بگونجێنن و بەرپرسیارێتیی خۆپارێزی بگرنە ئەستۆ و لەگەڵ کۆڕۆنا ژیان بەردەوام بێت نەک لە ماڵەوە لە ترسان خۆیان حەشار بدەن. لە پاڵ نەگرتنەبەری ڕێوشوێنی قەدەغەی هاتوچۆی گشتی، ڕێکاری سویدی هەندێ تایبەتمەندی دایە هەندێ گرووپی تەمەن.

ڕێوشوێنی توند بۆ پاراستنی خەڵکی بە تەمەن و ئەوانەی لە خانەکانی بەساڵاچووان بوون گیرایە بەر. لە دوو مانگی سەرەتای بەرەنگاربوونەوەی پەتاکە، هەڵوەستەی سەرەکیی ئاژانس و پسپۆڕەکانی کەوتە سەر گرووپی بەتەمەنەکان و ئەوانەی کە نەخۆشیی دیکەیان هەیە. ئامۆژگارییەکان ئەوە بوو کە لە ماڵەوە بمێننەوە و سەردانی دەرەوە نەکەن، هەروەها کەسە نزیکەکانیشیان پەیوەندییان لەگەڵ سنووردار بکەن (Edwards, 2020b). لە مانگی نیسانی ٢٠٢٠ ەوە قەدەغەکرا کە خەڵک سەردانی خانەی بەساڵاچووان بکەن لە پێناو ئەوەی کە لە تووشبوونی زیاتر بیانپارێزن بە تایبەت کە ژمارەی تووشبوون و مردن لەو خانانە زیادی کردبوو (Pieper, 2020). وێڕای ئەو ڕێوشوێنانە، مردنی ژمارەیەکی زۆری بەتەمەنەکان، بە تایبەت ئەوانەی لە خانەکانی چاودێری بوون، بوو بە یەکێک لەو خاڵە ڕەشانەی لەسەر ڕێکارەکەی سوید تۆمارکراوە (بڕوانە باسی ٢.٤).

یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندییەکانی ڕێکاری سوید ئەوەیە کە هانی هاوڵاتییان نادات کە ماسک ببەستن بە بیانووی ئەوەی کە بەڵگەی زانستیی پێویست نییە کە بەستنی ماسک بتوانێت بەر لە بڵاوبوونەوەی زیاتری ڤایرۆسەکە بگرێت. پەتاناسەکەی دەوڵەت دەڵێ "توێژینەوە زانستییەکان نەیانسەلماندووە کە بەستنی ماسک دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسەکە. بە پێچەوانەوە ئەگەر بە نەگونجاوی بەکاریبهێنیت زیانەکانی زیاترە لە قازانجەکانی" (Media Press, 2020). ئەمە لە کاتێکدایە دەوڵەتانی دونیا لەبارەی بەستنی ماسک بەسەر سێ گرووپدا دابەشبوون؛ یەکەم گرووپ کە زیاتر لە سەد دەوڵەتن بەستنی ماسکیان لە دەرەوە کردۆتە ناچاری، گرووپی دووەم ئەوانەن کە داوایان کردووە لە هەندێ کات و شوێنی تایبەت ماسک ببەستن و گرووپی سێیەم ئەوانەن کە یان پێشنیاریان کردووە بۆ خەڵکەکەیان یان هەر بە باشیشی نازانن و سوید یەکێکە لەوان ( Felter

بێرمینگهامی (and Bussemaker, 2020). پەتاناسێک لە زانکۆی بەریتانیا کە خۆی و وڵاتەکەی هانی خەڵک دەدەن ماسک ببەستن، ئەو بڕیار و لێکدانەوەی پەتاناسەکەی سوید بە "نابەرپرسانە و خۆپەرستانە" دادەنێ و دەڵێ " ئەگەر ئەو هەڵە بوو، ئەوە باجەکە ژیانی خەڵکە. ئەگەر من هەڵە بووم، بەستنی ماسک چ زیانێک ناگەیەنێت" ( Media Press, 2020).

ئەو ڕێکارەی سوید گرتیەبەر، لە ماوەی تەوژمی یەکەمی ڤایرۆسەکە، بووە هۆی گیانلەدەستدانی زیاتر لە ٥٩٠٠ کەس. ئەوە بەرزترین ڕێژەی مردنە بەرانبەر بە ژمارەی دانیشتوان. توێژینەوەیەکی بەراوردکاریی گۆڤاری فۆرن پۆلەسی ژمارەی قوربانییانی لە سوید لە کۆتایی مانگی حوزەیرانی ٢٠٢٠ بە ٥١٦١ کەس داناوە کە دەکاتە ٥١١ کەس لە ملیۆنێک، لە کاتێکدا ئەم ڕێژەیە لە نەرویژ ٤٦ و لە دانیمارک ١٠٤ و لە فنلەندا ٥٩ کەس بووە لە ملیۆنێک دانیشتوان (Karlsson, 2020). واتە ڕێژەی مردن و بوونە قوربانیی ڤایرۆسەکە لە چوارچێوەی ئەو ڕێکارەی سوید لە بەرەنگاربوونەوەی شەپۆلی یەکەمی ڤایرۆسەکە یەکجار بەرزە و لەو ڕێژەیەش نیوەی زیاتر لەناو خانەکانی بەساڵاچووان و ئەو توێژەی تەمەنە کە لە سەرووی ٧٠ ساڵییەوەن (بڕوانە باسی ٢.٤).

ئەم ڕێژە بەرزەی مردن لە کاتێکدایە کە کۆمەڵگەی سویدی خۆی لە خۆیدا هەندێ تایبەتمەندیی کۆمەڵایەتی و کولتوریی هەیە (بڕوانە باسەکانی ١.٣ و ٢.٣)، کە دەبوایە هاوکاربن لە پابەندیی زیاتری خەڵک و کەمبوونەوەی ڕێژەی تووشبوون و مردن، بەڵام هەڵە گەورەکە لە خانەکانی بەساڵاچووان ڕوویدا کە ڕێژەی مردنی تا ئەو ئاستە گەورەیە بەرزکردەوە. با ئێستا بێینە سەر هەندێ تایبەتمەندیی دیاری کۆمەڵگەی سوید کە لە کۆمەڵگەکانی دیکەی دونیا جیایدەکاتەوە و پێویستە ئەو

تایبەتمەندییانە لەبەرچاوبگیرێن پێش ئەوەی هەوڵی لاساییکردنەوەی سوید بدرێت لە بەرەنگاربوونەوەی کۆرۆنادا.

## ٣. تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگەی سویدی

لەم بەشە باس لە هەندێ تایبەتمەندیی کۆمەڵگەی سویدی دەکەین کە وایکردووە بە زۆر وڵاتی دیکە نەچێت. ئەم تایبەتمەندییانە بوونە هۆکاری سەرهەڵدانی ڕێکار و سیاسەتی جیاواز لەوەی لە وڵاتانی دیکەی دونیا باون کە ڕەنگە بە بێ ناسینی ئەو تایبەتمەندییانە، هەر توێژەر و چاودێرێک هەوڵبدات سوید بە باقی دونیا بەراورد بکات، بکەوێتە هەڵەیەکی زانستیی گەورەوە.

### ١.٣ متمانەی خەڵک و دەسەڵات و بەرپرسیارێتیی گشتی

لە دۆخی هاوشێوەی بڵاوبوونەوەی کۆرۆنای نوێ، بەرگرتن لێی پەیوەندیی زۆری هەیە بە پەیوەندیی نێوان خەڵک و حکومەت، ئاستی متمانەی سیاسی و کاردانەوە و ڕەفتاری خەڵک بەرانبەر بە ڕێنمایی و ڕێوشوێنەکان. چونکە ئەو ڕێنماییانە دەبنە هۆی گۆڕینی ڕەفتاری تاکەکەس و هەڵسوکەوتە کۆمەڵایەتییەکانی کە لەسەری ڕاهاتووە و بۆتە بەشێک لە ژیانی ڕۆژانەی. توێژینەوەکان باس لەوە دەکەن کە لەو وڵاتانەی متمانەی سیاسیی خەڵک بە دەوڵەت و دامەزراوەکانی بەرزە، ڕێنماییەکان لە ڕێی هاندان و پێشنیازەوە جێبەجێدەکرێن و لەو دەوڵەتانەش کە ئەو متمانەیە لاوازە دەوڵەت ناچارە پەنا بۆ سەپاندن و ناچارکردن ببات (Einfeld,2019; Hartley & Jarvis, 2020). پەیوەست بە دۆخی سوید، توێژینەوەکان ئەوە دەخەنەڕوو کە بە شێوەیەکی گشتی متمانە و پەیوەندییەکی باش لە نێوان خەڵک و حکومەتدا هەیە. هاوڵاتییانی سوید گوێڕایەڵیی ڕێنماییەکانی حکومەت دەکەن و جێبەجێیاندەکەن (Tanner, 2020). بۆیە ئاژانسی تەندروستیی

ئەم وڵاتە پێی وابوو دەتوانرێت پشت بە هاوڵاتییەکانی ببەستێت و متمانەیان پێ بکات کە تاکپارێزی ئەنجامدەدەن و پەیڕەویی ڕێنماییەکان دەکەن (Brueck, 2020).

هەر لەسەر بنەمای ئەو متمانەیەی کە هەیە، دامەزراوە حکومییەکانی سوید هیچ جۆرە سزایەکیان بۆ پابەندنەبوون بە ڕێنماییەکان نەبوو، خەڵکیان ناچار نەکرد لە ماڵەوە بمێنێتەوە، بەڵکو ئامۆژگارییان کردن کە تاکپارێزی بکەن و گردبوونەوە ئەنجام نەدەن. ئەو ڕێکارە ناوی لێنرا ڕێکاری پابەندبوونی خۆبەخشانە یان ڕێکاری بونیادنراو لە سەر متمانە trust-based model (Paterlini, 2020). ئەگەر خەڵک ئەو ڕێوشوێنانە جێبەجێنەکات کە حکومەت دایناون، هیچ سزایەک بەسەریان جێبەجێ ناکرێت چونکە، وەکو چاودێران دەڵێن، لە کۆمەڵگەی سویدی شتێکی نامۆیە کە خەڵک پەیڕەوی ڕێنماییەکان نەکات ( Edwards, 2020). ئەمە کۆمەڵگەی سویدی لە کۆمەڵگەی ئێمە و بەشێک لە کۆمەڵگە بێ دەوڵەتەکان جیادەکاتەوە کە میللەت وا ڕاهێندراوە کە لە زۆر باردا دژی حکومەت و ڕێوشوێنەکانی بێت تەنانەت ئەگەر لە بەرژوەندیی خۆشی بێت (Fakhir and Yerkes, 2018).

لەبارەی پابەندبوونی خەڵک بە ڕێنماییەکان، لە ڕاپرسییەکی دامەزراوەی Novus لە سەرەتای مانگی ئایار هاتبوو کە ٩٣٪ی خەڵکی سوید دەستیانکردووە بە دوورەپەرێزیی کۆمەڵایەتی Social Distancing و پابەندی ڕێنماییەکان دەبن (Expressen Tv, 2020). واتا هەر لە چەند مانگی سەرەتای بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسەکە، زۆرینەی هەرە زۆری خەڵک دەستیانکرد بە پەیڕەوکردنی ڕێنماییەکان. وێڕای بوونی متمانەیەکی تایبەت لە نێوان حکومەت و خەڵک، پابەندێتی بە ڕێنماییەکانی خۆپارێزی بناغەی یاسایی هەیە و بە گوێرەی یاسای نەخۆشییە گوازراوەکان لە سوید Smittskyddslagen

ئەرکی خۆپاریزی و (Communicable Diseases Act) بەشدارینەکردن لە بڵاوکردنەوەی نەخۆشیی گوازراوە کەوتۆتە سەر ئەستۆی خەڵک (Library of Congress, 2020). ئەم کاری پێکەوەییە کلتووری بەرپرسیاریتیی بەکۆمەڵ -Collective responsibility ی هیناوەتە کایەوە. ئەم باوەڕە لە هەڵسوکەوتی خەڵک و گوتاری بەرپرسانی ئاژانس و پسپۆڕان و بەرپرسانی دەوڵەتیش ڕەنگیداوەتەوە. بۆ نموونە سەرۆکوەزیرانی سوید Stefan Löfven لە وتاریکدا ڕایگەیاند "ئێمە ئەوانەی گەورە و پێگەیشتووین، پێویستە بە تەواوی وەکو کەسانی پێگەیشتوو هەڵسوکەوت بکەین. نابێ ترس و دڵەڕاوکێ بڵاو بکەینەوە. لەم تەنگەژەیەدا کەسمان بە تەنیا نین بەڵام هەر یەکەمان بەرپرسیاریتییێکی یەکجار گەورەی لە ئەستۆیە" (Savage, 2020).

بۆ تێگەیشتن لەو تایبەتمەندییە کلتوورییانە لە سوید، توێژەران چونەتە بنج و بناوانی ژیانی کۆمەڵایەتی لەو وڵاتە بۆ ئەوەی لە هەڵسوکەوتی خەڵکەکە تێ بگەن. لە ساڵی ١٩٣٦، ڕۆژنامەنووسی ئەمریکی مارکۆس چایەڵدس – Marquis Childs پاش بەسەربردنی کات لە سوید، کتێبێکی بە ناونیشانی ( Sweden: The Middle Way ) بڵاوکردەوە کە ئەو کات باس لە تایبەتمەندی کلتووری سوید لە زۆر بواردا دەکات. سویدییەکان بە میللەتێک هەژمار دەکات کە لە خۆدەرخستن و هەڵسوکەوت لەگەڵ ڕووداو و کێشەکان، مام ناوەند و خاوەن دید و تایبەتمەندیی خۆیانن. لەو کتێبەدا دەستەواژەیەکی سویدی هەڵوەستەی لەسەر کراوە کە بە Lagom ناسراوە و وەکو هێمایەک لە هێماکانی کلتووری سویدی باسکراوە. ئەو لۆگۆمە کە وەکو دەستەواژە مامناوەندێتی دەگەیەنێت، و ڕەگەکەی بۆ سەردەمی پێش ژیانی مۆدێرن دەگەڕێتەوە، ئەو کاتەی خێزان هەموو پێکەوە لەسەر یەک مەنجەڵ نانیان خواردووە و وا چاوەڕێ کراوە کە هەر ئەندامێک بایی ئەوە نان بخوات کە بەشی ئەندامانی دیکەی خێزان بکات. ئەو کتێبە لەو بڕگەیەی کە باس

له کلتووری کۆدەنگی Consensus culture دەکات بە کەڵکی ئەو توێژینەوەیە دێت. کلتووری کۆدەنگی مانای ئەوەیە کە میللەتی سوید بە گشتی حەزیان بە پەیڕەوکردنی ڕێنمایی و ڕێسا و یاساکان هەیە (Lindvall, 2017).

ئەو متمانەی خەڵک هەیەتی کوێرانە نییە و ڕێژەکەی جیاوازە کاتێک بەراوردی دەکەیت بە توێژە جۆراوجۆرەکان. هاوڵاتییانی سویدی بە چاوێکی تایبەت و ڕێزەوە لە کاری پسپۆڕان و پزیشکان دەڕوانن کە لە بەرەنگاربوونەوەی کۆڕۆنادا لە ڕیزی پێشەوەن. لە ڕاپرسییەکی دامەزراوەی (Swedish organization Vetenskap & Allmännhet)دا هاتووە کە ٩١٪ی ئەوانەی دەنگیانداوە متمانەیان بە دکتۆر و تیمی نەخۆشخانەکان پیشانداوە. هەروەها ٨٧٪ ی ئەوانەی دەنگیانداوە متمانەی تەواویان بەو توێژەرانە هەیە کە سەرنج و زانیاریی نوێ لە سەر کەیسەکانی کۆڕۆنا دەخەنەڕوو (Jakobsen, 2020). پرۆفیسۆری بواری میدیا و پەیوەندییەکان لە زانکۆی گۆتێنبێرگ خاتوو Marina Ghersetti ئەوە دەخاتەڕوو کە سیاسییەکانی وڵاتان لە کاتی تەنگانەدا، خۆیان دێنە پێشەوە بۆ ئەوەی پیشانی خەڵک بدەن کە ئەوان خاوەن توانا و هێزن، بەڵام دۆخەکە لە سوید جیاوازە. لە ئانوساتی وەکو هاتنی کۆڕۆنای نوێ، سیاسییەکان باش دەزانن کە جیاوازی هەیە لە نێوان ئەوەی لە دەسەڵاتی ئاژانسی تەندروستیدایە و ئەوەی لە دەسەڵاتی ئەوانە وەکو سەرکردەی سیاسی (Jakobsen, 2020).

بەم جۆرە دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە ئەو تایبەتمەندییە کلتوورییەی لە سوید هەیە کە پەیوەندی بە ئاستی بەرزی متمانە بە دامەزراوە فەرمییەکان، کاری پێکەوەیی و کلتووری هەڵگرتنی بەرپرسیارێتیی گشتی هەیە، وای کردووە بۆ ئاژانس و حکومەتی سویدی ئاسانتر بێت کە پشت بە متمانەی خەڵک ببەستن بۆ بەرەنگاربوونەوەی

کۆرۆنا بەیەکەوە، نەک ڕێگا ناچارییەکانی وەکو قەدەغەی گشتیی هاتوچۆ و سزادانی خەڵک لە سەر پەیڕەونەکردنی ڕێنماییەکان، بگرنەبەر.

### ٢.٣ شێوەی سروشتیی دوورەپەرێزیی کۆمەڵایەتی

تا ئێستا ئەوەی زانراوە و ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی و توێژینەوەکانی بواری بڵاوبوونەوەی ئەو ڤایرۆسە هەڵوەستەی لەسەر دەکەن ئەوەیە کە یەکێک لە ڕێگا دیارەکانی بڵاوبوونەوە بریتییە لە تێکەڵاوی خەڵک. چەندە خەڵک تێکەڵ بن، ئەوەندە مەترسیی بڵاوبوونەوە زیاترە. بۆیە لە هەموو وڵاتان گردبوونەوەی گشتی و بۆنەکان قەدەغە یان سنووردار کراون. سوید لەمەشدا خاوەن تایبەتمەندیی خۆیەتی و هەر بە سروشتی هەندێ فۆڕمی دوورەپەرێزیی کۆمەڵایەتی هەن کە لێرە باسیان دەکەین.

لە ڕووی پێکهاتەی خێزان و دابەشبوونی دانیشتوان بەسەر خانوو، باڵەخانەکانی نیشتەجێبوونەوە، هەر بە شێوەی سروشتی فۆڕمێک لە دوورەپەرێزیی کۆمەڵایەتی لە سوید هەیە. بە گوێرەی داتاکان، زۆرینەی دانیشتوانی سوید بە تەنیا دەژین. سەنتەری ئاماری ئەورووپی Eurostat لە ساڵی ٢٠١٦ داتایەکی بڵاوکردۆتەوە و دەڵێ ٥٢٪ی خانوونشینانی سوید کەسانی تەنیان کە بەرزترین ڕێژەیە لەسەر ئاستی وڵاتانی ئەورووپا (سەیری پاشکۆی ژمارە ١ بکە) (Eurostat, 2017). ئەم تەنیایانە هەندێکیان ئەوانەن کە بە تەمەنن و یان هاوسەرگیرییان نەکردووە یان هاوسەرەکەیان لەدەستداوە، هەندێکی دیکەش ئەوانەن کە گەنجن و لە ماڵی باوانیان چوونەتە دەرەوە. بەم جۆرە نیوەی زیاتری دانیشتوانی سوید بە شێوەیەکی خۆکرد لە دوورەپەرێزیی کۆمەڵایەتی ژیان بەسەردەبەن.

له ڕووی کۆمەڵایەتی و تێکەڵاوییەوە، سویدییەکان وەکو میللەتێکی سارد دێنە ناسین کە تێکەڵاویی کۆمەڵایەتییان سنووردار و کەمە. یەکێک لەو هۆکارانەی بەشدارە لە کەمیی تێکەڵاویی کۆمەڵایەتی بریتییە لە زوو چوونەدەرەوەی کچان و کوڕان لە ماڵی باوانیان و دەستپێکردنی ژیانی تەنیایی. چوونەدەرەوە لە ماڵی باوان و بە تەنیا ژیان لە سوید لە تەمەنێکی زوو دەستپێدەکات. بە گوێرەی داتایەکی بەراوردکاریی ساڵی ٢٠١٩ دامەزراوەی ئاماری ئەورووپی Eurostat بە تێکڕا لە هەموو دەوڵەتانی یەکێتیی ئەورووپا گەنجان لە تەمەنی ٢٥.٩ ساڵی (کوڕان لە تەمەنی ٢٦.٩ و کچان لە ٢٥ ساڵی) دەچنە دەرەوەی ماڵی باوان. بەڵام ئەم ڕێژەیە لە سوید لە هەموو وڵاتانی دیکەی ئەورووپا جیاوازە و تێکڕا لە تەمەنی ١٧.٨ (کوڕان لە تەمەنی ١٨ و کچان لە تەمەنی ١٧.٦ ساڵی) دەچنە دەرەوەی ماڵی باوان و بە تەنیا دەژین (بڕوانە پاشکۆی ژمارە ٢). بە گوێرەی بەدواداچوونێکی بی بی سی، ڕێژەیەکی بەرچاو لەو گەنجانەی سوید کە دەڕۆنە دەرەوە، ناچن لەگەڵ هاوتەمەنەکانیان لە شوقە و خانووی هاوبەش یان لە بەشە ناوخۆییەکانی زانکۆکان بژین، بەڵکو بە تەنیا دەژین (Savage, 2019).

پرۆفیسۆری دیمۆگرافیا لە زانکۆی ستۆکهۆڵم Gunnar Andersson باس لە جیاوازیی کلتووری سویدی و وڵاتانی دیکەی ئەورووپی دەکات پەیوەست بە ژیان لەگەڵ دایک و باوک. ئەو دەڵێ "لە وڵاتانی دیکەی ئەورووپا کێشە نییە پشت بە خانەوادەت ببەستیت. لە باشووری ئەورووپا تەنانەت پشتبەستن بە خانەوادە وەکو ئامانج سەیر دەکرێت و ئەگەر نەیکەیت وەکو ئەوە وایە کە خانەوادەکەت ڕەتدەکەیتەوە. بەڵام لە سوید دۆخەکە جیاوازە، ئامانجەکە دروستکردنی ژیانێکی سەربەخۆییە. ئەگەر گەنجێک لە ماڵی باوانی بمێنێتەوە وەکو ئەوە وایە کێشەیەکی هەبێ" (Savage, 2019). پرۆفیسۆری ناوبراو ئەوە بە کلتووری تاکگەرایی 'Culture of Individualism' ناو دەبات و پێیوایە

ڕەگێکی قوڵی لە مێژووی سویددا هەیە. لە سەدەکانی پێشوودا هەر لە تەمەنی زووەوە هەرزەکاران ماڵی خۆیان جێدەهێشت و دەچوون لە کێڵگەیەکی دیکە کاریان دەکرد. بەڵام لە ئێستادا بەهۆی سیستەمی پاڵپشتیی خۆشگوزەرانی لە سوید Welfare state، ئاسانتر بووە بۆ گەنجان بڕۆنە دەرەوە بە تایبەت کە لە بوارەکانی تەندروستی و خوێندن و خانوودا هاوکارییەکی پێویست هەیە کە وا دەکات گەنجان پێویستییان بەوە نەبێت پشت بە باوانیان ببەستن. داتای وڵاتانی دیکەی ئەوروپا، بۆ نموونە بەریتانیا، دۆخی پێچەوانەی سوید پیشان دەدات کە مانەوەی زیاتر لە ماڵی باوان تا تەمەنێکی گەورەتر لە زۆربووندایە (بڕوانە ئەم دوو توێژینەوەیە Fry, 2016; Bentley and McCallum, 2019).

لە توێژینەوەیەکی وردی پەیوەندیدار بە زمان و کلتوور، پرۆفیسۆر ئیستەر بارینەگە – Ester Barinaga لە زانکۆی لوند لە سوید، باس لە مانا ئەرێنییەکانی چەمکی تەنیایی (سویدی ensamhet و ئینگلیزی solitude) دەکات لە سوید کە مانای "ئارامیی ناوخۆیی، سەربەخۆیی و بەهێزی کەسێتی دەگەیەنێت" (Barinage, 1999, p.5). ئەو توێژینەوەیە باس لەوە دەکات کە ڕەگی ئەو تەنیاییخوازییە جگە لەوەی مێژووییە، لە ناو پەروەردەی سویدیشدا بە چڕی ئیشی لەسەرکراوە. نموونە بە کتێبەکانی نووسەری دیاری سویدی Astrid Lindgren (1907-2002) دێنێتەوە کە بۆ منداڵان نووسراون. بۆ نموونە لە زنجیرە کتێبی (Pippi Långstrump) کە کراونەتە کارتۆنیش، بەردەوام دەستەواژەی Jag kan själv or Jag klarar mig själv دووبارە دەبێتەوە کە مانای "دەتوانم خۆم ئەنجامی بدەم" دەگەیەنێت. ئەو پێیوایە ئەمە ڕێکاری پەروەردەی سویدییە کە منداڵەکان بۆ تاکگەرایی و پشتبەخۆبەستن ئامادە دەکات. هەمان توێژەر دەڵێت تاکگەرایی سویدی مانای خود-بەڕێوەبردنە self-government- (Barinage, 1999, p.5). بەو مانایەی چۆن خۆت کاروباری خۆت بەڕێوەدەبەیت و پشت بە خۆت دەبەستیت. بەڵام

ئەم تاکگەراییەی سویدی بە گوێرەی هەمان توێژینەوە مانای خۆپەرستیی تاکەکەسی نییە بە قەد ئەوەی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی خستۆتە سەر تاکەکان.

ئەم باسە بۆ ئەوە بوو کە بگەینە ئەو ئەنجامەی؛ کۆمەڵگەی سویدی بە شێوەیەکی خۆکرد و سروشتی لە دوورەپەرێزیی کۆمەڵایەتی لە پێش هەموو کۆمەڵگەکانی دیکەیە، کە یەکێکە لە داخوازییەکانی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی بۆ خۆپارێزی لە کۆرۆنای نوێ. ئەمەش چونکە کۆمەڵگەی سویدی بە شێوەیەکی جیاواز تاکگەرایە وەکو ئاماژەی بۆ کراو و خەڵک کەمتر حەزی بە تێکەڵاوی هەیە و نیوەی زیاتری دانیشتوان هەر بە تەنیا لە ماڵێکدا دەژین. ئەوەشمان ڕوونکردەوە کە ئەو تەنیاگەراییە مانای خۆپەرستی نییە، بەڵکو جۆرێک لە بەرپرسیارێتیی گشتی و کۆدەنگی لە ناو سوید هەیە کە لە هەرەشە گشتییەکان پشتی یەکتر دەگرن و بەرگریی گشتی دروستدەکەن. هەر لەسەر ئەو بنەمایەشە کە ئاژانس و حکومەتی سویدی بە باوەڕی زیاترەوە پشت بە تاکپارێزی دەبەستن بۆ بەرگرتن لە بڵاوبوونەوەی زیاتری کۆرۆنا لە وڵاتەکەیان.

## ٤. سەرنج و هەڵسەنگاندنەکان لەسەر ڕێکاری سویدی بۆ بەرەنگاربوونەوەی کۆرۆنا

لەم بەشەدا هەڵسەنگاندن دەکەین بۆ ئەو ڕێکارە و باس لەلایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکانی دەکەین بە پشتبەستن بە هەڵسەنگاندنی پسپۆڕان و لێکۆڵەرانی سویدی و بیانی کە بۆ ئەو ڕێکارە کراون. لەو بەشەدا و لەبەر ڕۆشنایی ئەو هەڵسەنگاندانە بەو ئەنجامەش دەگەین کە هۆکارەکان چی بوون ژمارەیەکی زۆری بە تەمەنەکان بوونە قوربانیی شەپۆلی یەکەمی کۆرۆنا.

## ١.٤ ڕای پسپۆڕان لە سەر ڕێکاری سویدی

لە سەرەتاکانی ڕاگەیاندن و پەیڕەوکردنی ئەو ڕێکارە جیاوازە، بە ڕای پەتاناسەکەی دەوڵەت ئەو ڤایرۆسە لە ڕێگای سیستەمی بەرگریی جەستە و ڤاکسینەوە دەتوانرێ ڕابگیرێ (Godin, 2020). واتا دوو ڕێگا هەیە بۆ ئەوەی ئەو ڤایرۆسە لە بڵاوبوونەوە بوەستێندرێت ئەوانیش سیستەمی سروشتیی بەرگریی جەستەی مرۆڤە لەگەڵ ڤاکسینی دژ کە لەلایەن پسپۆڕانەوە دوای توێژینەوەی چڕ و زۆر دەدۆزرێتەوە و بە خەڵک دەدرێت. ئەم قسە و تێگەیشتنە هەر زوو ڕووبەڕووی ڕەخنەی زۆر بووەوە.

شەش پرۆفیسۆر لە دامەزراوەی کارۆلینسکە ( Karolinska Institutet) کە گەورەترین سەنتەری توێژینەوەی پزیشکییە لە سوید، هەروەها لە زانکۆی گۆتبۆرگ (Goteborg university) لە کۆتایی مانگی ئاداری ٢٠٢٠ نامەیەکیان پێشکەشی حکومەت کرد و داوایان کرد "بە خێرایی تەواوی ئەو ڕێوشوێنانە بگرێتەبەر کە لەلایەن ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانییەوە پێشنیازکراوە. حکومەت دەستێوەردان بکات بۆ کەمکردنەوەی جوڵەی خەڵک و بەریەککەوتن، هەروەها توانای تەندروستی بۆ پشکنینی بەرکەوتووانی ڤایرۆسەکە زیاد بکات". پسپۆڕەکان جەختیان لەوەش کردەوە کە ئەوانیش هاوشێوەی وڵاتە ئەوروپییە دراوسێکانیان هەنگاو بنێن و چاوەڕێی ئەوە نەکەن کە سیستەمی بەرگریی کۆمەڵگەیی Herd Immunity بە تەنیا شەڕی ڤایرۆسەکە بکات (Henley, 2020).

هەر پەیوەست بە ڕەخنەکان لەو ڕێکارەی سوید، گۆڤاری بەناوبانگی نەیچەر Nature باس لە نامەی ٢٢ زانای بەناوبانگ دەکات کە لە مانگی نیسان لە ڕۆژنامەی Dagens Nyheterی سویدی بڵاویانکردۆتەوە و باس لە سەرنەکەوتنی سیاسەتی ئاژانسی تەندروستی دەکەن و داوا لە

سیاسییەکان دەکەن ڕێوشوێنی توند بۆ پاراستنی خەڵک بگرنەبەر. لە نامەکەیان دوو خاڵیان وەکو بنەما وەرگرتووە کە بریتین لە مردنی زۆر لە خانەکانی بەساڵاچووان و هەروەها بەرزیی ڕێژەی مردن لە سوید بە بەراورد بە دراوسێکانی کە ئەو کاتەی نامەکەیان نووسی بوو بریتی بوو لە ١٣١ کەس لە ملیۆنێک لە کاتێکدا ڕێژەکە لە دانیمارک ٥٥ کەس لە ملیۆنێک و لە فینلەندا تەنیا ١٤ کەس بوو (Paterlini, 2020). هەڵبەت ئەو ڕێژەیە دواتر زیاتر بەرزبوویەوە.

نامە و داوای ئەو پرۆفیسۆرانە لە کۆتایی مانگی ئادار و نیسان لە کاتێکدا پێشکەشی حکومەت کرا کە ژمارەی تووشبووان تەنیا ٢٢٧٢ کەس بوو و ٣٦ مردوو هەبووە (Henley, 2020). دواتر ژمارەکە بە خێرایی بەرزبوویەوە و لە کۆتایی مانگی ئەیلولی٢٠٢٠ ڕێژەی تووشبوون گەیشتە زیاتر لە ٩٣ هەزار کەیسی تۆمارکراو و زیاتر لە ٥٩٠٠ مردوو. هەڵبەت ڕێژەی تووشبوون بە قسەی پسپۆڕان و ڕاپۆرتە ڕۆژنامەوانییەکان یەکجار زۆرتر بووە چونکە ئەو ڕێژەیە تەنیا تۆمارکراوە دوای ئەوەی کە پشکنین بۆ خەڵک کراوە و ئەنجامەکەی ئەرێنی بووە. پێویستە ئەوە بگوترێت کە لە ١٢ی ئاداری ٢٠٢٠ ەوە ئاژانسی تەندروستیی گشتیی سویدی ڕایگەیاند کە چیتر پشکنین بۆ هەموو خەڵک ئەنجام نادات بەڵکو تەنیا هاوڵاتییانی بە تەمەن و ئەوانەش کە باری تەندروستییان تێکدەچێت و دەبرێنە نەخۆشخانە پشکنینیان بۆ دەکرێت. هەر هاوڵاتییەکی دیکە نیشانەکانی نەخۆشییەکەی بە سووکی گرتبێت، داوای لێ دەکرێت لە ماڵەوە بمێنێتەوە و خۆی کەرەنتین بکات و نەڕواتە سەرکار تا تەندروستی باش دەبێتەوە ( Löfgren, 2020a).

لەگەڵ ئەو ڕەخنانەش کە لێیان گیرا، لە تەوژمی یەکەمی ڤایرۆسەکە کە تا کۆتایی مانگی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٠ ئەو توێژینەوەیە هەڵوەستەی لە سەر کردووە، پسپۆڕانی تەندروستیی سویدی بەرگرییان لە

ڕێکارەکەی خۆیان کرد و دەستیان پێوە گرت. ئەگەرچی ژمارەی مردووان چەند بار زیاتر بوو لە وڵاتە دراوسێکانی، بەڵام بە باوەڕی سەرۆکی ئاژانسەکە ئەو ڕێکارە ڕاهێنان و هاوکارێکی گەورە دەبێت بۆ ئەوەی کۆمەڵگەی سوید باشتر ئامادە بێت و بەرگە بگرێت لە بەردەم تەوژمی دووەمی ڤایرۆسەکە کە ئێستا لە مانگی ئۆکتۆبەر/ تشرینی یەکەمی ٢٠٢٠ەوە بە توندی لە هەموو دونیا بە ئەوروپاوە دەستی پێ کردۆتەوە. پسپۆڕانی سویدی خاڵی لاوازی ڕێکارەکەی خۆیان دەبینن، کە مردنی زۆری بەتەمەنەکانە (بڕوانە باسی ٢.٤)، و دەڵێن ئەگەر ئەو گرووپەی تەمەن پاراستنی باشی بۆ بکرایە و ڕێگا بدرابوایە بەشەکانی دیکەی ژیان بە خۆپارێزییەوە بەردەوام بێت، بەرگری بۆ تەوژمی دووەم زۆر باشتر دەبوو (Birnbaum, 2020). کەواتە با ئێستا بێینە سەر خاڵی ڕەشی ناو ڕێکارەکەی سوید کە هەندێک بە کۆمەڵکوژیی بەتەمەنەکان ناویان برد.

## ٢.٤ پاراستنی بەتەمەنەکان

سوید کۆمەڵگەیەکە چۆتە تەمەنەوە و پیرە. دامەزراوەکانی ئەو وڵاتە دابینکردنی خزمەتگوزاریی تەندروستی بۆ بەتەمەنەکان بە یەکێک لە ئالنگارییەکانی ئایندەی وڵات دەزانن. بە گوێرەی داتای فەرمی، حکومەتی سویدی ئامادەکاری دەکات کە لە ئایندە یەک لە چواری دانیشتوان دەبێتە تەمەن ٦٥ ساڵی بەرەو سەرەوە. داتا فەرمییەکان دەڵێن زیاتر لە ٢٠٪ی دانیشتوان لە ئێستادا ستانداردی تەمەنی خانەنشینی، کە ٦٥ ساڵییە، تێپەڕاندووە. ئەو ڕێژەیە بۆ ٢٣٪ بەرز دەبێتەوە تا دەگەینە ساڵی ٢٠٤٠ (Sweden.se.2020). بە گوێرەی ئەو داتایانە، وێڕای ئەوەی ژمارەیەکی زۆری ئەوانەی بە تەمەنن تەندروستییان باشە و لە ماڵەکانی خۆیان دەژین، لە سوید خەرجییەکی گەورە لە خانەکانی بەساڵاچووان دەکرێت کە لە پاڵپشتیی حکومەت و داهاتی شارەوانییەکان دەڕوات و لە

ساڵی ٢٠١٧ بڕەکەی بە ١٣ ملیار دۆلاری ئەمریکی خەمڵێندراوە (Sweden.se.2020). بابەتی خزمەتکردن و پاراستنی ئەو گرووپەی تەمەن لە سوید لەگەڵ ڕێکاری تایبەتی بەرەنگاربوونەوەی کۆرۆنا، بووە بابەتێکی گەرمی ناو میدیای وڵاتەکە و میدیا نێودەوڵەتییەکان.

بەرپرسانی سویدی هەر زوو گوتیان چاویان لەسەر ئەوەیە کە بەتەمەن و نەخۆشەکان بپارێزن. بەڵام بەهۆی هەندێ کەمتەرخەمی و کەموکوڕییەوە ئەوە نەکرا و ژمارەی هەرە زۆری قوربانییەکان ئەوانە بوون کە لەو خانانە دەژیان. وەزیری تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتیی سوید لینە هالینگرین Lena Hallengren دانی بەوە دانا کە ئەوان سەرکەوتوو نەبوون لە پاراستنی ئەو گرووپەی تەمەن "ئێمە سەرکەوتوو نەبووین لە پاراستنی بەتەمەنەکان، ئەوە کارێکی سەختە و فەشەلی تەواوی کۆمەڵگەکەمان دەگەیەنێت. پێویستە لەو ئەزموونە فێربین بە تایبەت کە هێشتا لەو پەتایە ڕزگارمان نەبووە" (The Local, 2020b). هەروەها پەتاناسەکەی دەوڵەت سەرسوڕمانیی خۆی ڕاگەیاند لە خێرایی بڵاوبوونەوەی پەتاکە لە ناو خانە وماڵەکانی چاودێری، "نەماندەزانی کە خانەکانی چاودێری وا بە ئاسانی دەبنە شوێنی خێرا بڵاوبوونەوەی پەتاکە... ئێمە دەمانزانی کە ئەو گرووپەی تەمەن یەکجار لاوازن و ئەگەر پەتاکەیان بگاتێ، ژمارەی مردن لە ناویاندا زۆر دەبێت" (Dean and Nyberg, 2020). بەڵام بەلای سویدییەکان ئەو دانپێدانانە بەس نییە چونکە کەمتەرخەمی هەبووە لە پاراستنی گیانی بەتەمەنەکان.

سویدییەکان ڕەخنە لە حکومەت دەگرن کە هیچ کام لەوانەی لە خانەکانی بەساڵاچووان توشی ڤایرۆسەکە بوون نەبراونەتە نەخۆشخانەی تایبەت بەڵکو هەر لە ناو خانەکانی چاودێری هەوڵی چارەسەری و چاودێرییان دراوە و لەوێدا مردوون (Euronews, 2020). واتە ئەو خزمەتە تەندروستییەی پێشکەشی هاوڵاتییانی دیکە کراوە پێشکەشی

ئەوان نەکراوە و کراونەتە قوربانی. کەسوکاری ئەو مردووانە بە نیگەرانیی زۆرەوە دەڕواننە ئەو ستراتیژەی سوید و باس لەوە دەکەن کە بەتەمەنەکان کراونەتە قوربانی. ڕاپۆرتەکان باس لەوە دەکەن نەک تەنیا نەخۆشە بەتەمەنەکان وەکو ئەوانی دیکە خزمەتگوزاریی تەندروستییان پێشکەش نەکراوە، بەڵکو ئەو کەسانەی لە خانەکانی بەساڵاچووان کار دەکەن و ئەرکیان چاودێریکردنی ئەوان بووە، لە زۆر ڕووەوە کەموکوڕییان هەبووە.

ڕاپۆرتەکان باس لەوە دەکەن ئەو کرێکارانەی لە خانەکانی بەساڵاچووان کار دەکەن وەکو پێویست هۆشیاریی تەندروستیان نییە و لە ڕووی هۆشیاری و باکگراوندی مەعریفییەوە لە ئاستی پێویستدا نین. ئەوان خەڵکێکن کە زووزوو دەگۆڕدرێن و جیاوازن لە پەرستار و کارمەندانی تەندروستی (Euronews, 2020). بە گوێرەی ڕاپۆرتێکی سەندیکای کرێکارانی سویدی، ڕێژەی ٤٠٪ی ئەوانەی لە خانەکان کاریان دەکرد کەسانی بێئەزموون بوون و لەسەر بنەمای گرێبەستی کورتمەودا و کارکردن بە کاتژمێر کاریان کردووە و ڕێژەی ٢٣٪یش بە گرێبەستی کاتی کاریان کردووە (Karlsson, 2020). واتە ئەو فەرمانبەرانە لە شوێنی دیکەش کاریان کردووە و پەیوەندی و هامۆشۆیان زۆر بووە. بۆیە بە ئاسانی لە کاتی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسەکە تووشبوون و لەگەڵ خۆیان هێناویانە بۆ ناو خانەکان و بڵاوبۆتەوە. بە گوێرەی هەمان ڕاپۆرت، ئەو کاتەی لە سەرەتای مانگی نیسان حکومەت بڕیاریدا کە هاتوچۆ بۆ خانەکان قەدەغە بێت، ڤایرۆسەکە بە تەواوی لە خانەکان بڵاوببووەوە. بۆ نموونە یەک لە سێی خانەکانی ستۆکهۆڵم ڤایرۆسەکەیان تێدابوو.

لە مانگی نیسانی ٢٠٢٠دا وا بڵاوکرایەوە کە جگە لە نەبوونی هۆشیاریی خۆپارێزی لەلایەن کارمەندەکانی ئەو خانانە، خودی خانەکان

پێداویستییەکانی خۆپارێزییان بۆ دابینەکراوە. بۆ نموونە لە کاتێک کۆرۆنا بە تەواوی لە سوید بڵاوببووەوە، ئەوانەی لەو خانانە کاریان دەکرد نە ماسکیان هەبوو نە پەنجەوانە. کارمەندەکان بۆ میدیا قسەیان کردووە کە هیچ ڕێنماییەک لەو خانانە پەیڕەو ناکرێت و وەکو ئەوە وایە دەست لەو خەڵکە هەڵگیرابێت (Orange, 2020). میدیاکانی سوید باس لەوە دەکەن کە خانەکانی بەساڵاچووان وەکو پێویست نەپارێزراون. ستافی کارکردن پێداویستییەکانی خۆپارێزییان نەبوو بۆیە ئەوان توشی ڤایرۆسەکە بوون و لەگەڵ خۆیان هێنایانە ناو خانەکان و بڵاوبویەوە. هەر کارمەندێکیش نیشانەکانی نەخۆشییەکەی لێ دەرکەوتایە، ئامۆژگاری دەکرا کە لەماڵەوە بمێنێتەوە. بەمەش خانەکان توشی کێشەی کەم ستافیش هاتن (The Local, 2020b).

شەپۆلی یەکەمی ڤایرۆسەکە بەهۆی ئەو کەموکوڕییانەوە بە خەستی خانەکانی چاودێریی بەتەمەنەکانی گرتەوە. ڕاپۆرتەکان باس لەوە دەکەن کە ٩٠٪ی ئەوانەی تا ٢٨ی نیسان بە کۆرۆنا مردوون، ئەو کەسانەن کە تەمەنیان لە گرووپی سەروو ٧٠ ساڵییەوەیە. نیوەی ئەوانە لە خانەکانی چاودێری دەژیان و نیوەش لە ماڵەوە لەلایەن کۆمپانیا و گرووپی تایبەتەوە چاودێری و خزمەت دەکران (The Local, 2020b). تا سەرەتای مانگی حوزەیرانی ٢٠٢٠، ڕێژەی هەرە زۆری مردووان ئەوانەبوون کە لە خانەکانی بەساڵاچووان دەژیان. داتاکان ئاماژەیان بەوە کرد کە تا یەکی حوزەیران، ٢٠٣٦ ی مردوو لەو کەسانە بوون کە لە خانەکان ژیاون و ١٠٦٢ کەسیش لەوانە بوون کە لە ماڵەوە لە ژێر چاودێری تایبەت بوونە و حکومەت پارەکەی داوە (Braw, 2020). لە کۆی ئەو ماوەیەی ئەو توێژینەوە هەڵوەستەی لەسەر کردووە تا دەگاتە دوا ئامار بەکارمانهێناوە، کە ڕۆژی ٢٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٠ وەرگیراوە، ڕێژەی هەرە زۆری مردن لەو گرووپەی تەمەنە بووە، بە جۆرێک لە کۆی ٥٩٣٣ مردوو، تەنیا ٧٦ کەس ئەوانەن تەمەنیان لە خوار ٥٠ ساڵییەوەیە و

٥٨٥٧ تەمەنیان لە نێوان ٥٠ تا سەرووی ٩٠ساڵییە، بە جۆرێک تا تەمەنەکە بەرزتر بۆتەوە، ڕێژەی مردن یەکجار زیادی کردووە. بۆ نموونە لە کۆی ئەو ژمارەیەی مردن ٢٤٦١ کەس تەمەنیان لە ٨٠-٩٠ ساڵ بووە، ١٥٤٣ کەس تەمەنیان سەرووی ٩٠ ساڵ، ١٢٧٤ تەمەنیان لە ٧٠-٧٩ ساڵ، ٤١٢ کەس تەمەنیان لە ٦٠-٦٩ کەس و بەم جۆرە تا تەمەن بچووک دەبێتەوە ژمارەی مردن کەم بۆتەوە (بڕوانە پاشکۆی ژمارە ٣). بەم جۆرە مردنی زۆری بەتەمەنەکان بووە خاڵێکی نەرێنی لەسەر ئەزموونی بەرەنگاربوونەوەی کۆرۆنا لە سوید کە لەلایەن میدیای ناوخۆیی و نێودەوڵەتی ڕەخنەی زۆری لێ گیرا.

## ٥. وانەکان چین کە هەرێمی کوردستان دەتوانێت سوودیان لێ وەربگرێت

لەم بەشە باس لە هەندێ خاڵ دەکەین کە ڕەنگە هەرێمی کوردستان بتوانێت سوودیان لێ وەربگرێت لە ڕێکار و ئەزموونی بەرەنگاربوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە سوید. هەڵبەت پێویستە ئەوە بگوترێت کە ئامانجی توێژینەوەکە لە بنەڕەتدا بەراوردکاری نییە لە نێوان سوید و هەرێمی کوردستان بە قەد ئەوەی خستنەڕووی ئەزموونی سویدە، بەڵام لە کۆتاییدا هەندێ خاڵ تۆمار دەکەین کە ڕەنگە لە پرۆسەی بەرەنگاربوونەوەی کۆرۆنا لە هەرێمی کوردستان بتوانێت سوودیان لێ وەربگرێت.

یەکەم: پەیوەندییەکی خراپ لە ڕووی متمانەوە لە نێوان خەڵک و حکومەت لە هەرێمی کوردستان هەیە. ئەمەش هۆکاری زۆری لە دواوەیە کە ئێرە شوێنی باسکردنیان نییە (بۆ زانیاریی ورد لەبارەی پرسی متمانە بڕوانە ساڵح عومەر عیسا و بارزان جەوهەر، ٢٠١٩). ئەم بێ متمانەییە یان کەم متمانەییە ڕەنگە یەکێک لە هۆکارەکان بێت کە ڕێژەیەک لە خەڵک بە گشتی لە سەرەتاکانی بەرەنگاربوونەوەی کۆرۆنا لە هەرێمی کوردستان گوێ بە ڕێنماییەکانی حکومەت نەدەن و پەیڕەویان نەکەن،

ئەگەر لە بەرژەوەندیی خۆشیان بێت. لە چەند مانگی یەکەمی سەرەتای بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسەکە کە لە مانگی ئاداری ٢٠٢٠ ەوە لە هەرێمی کوردستان ڕێوشوێنەکان توند کران و لە مانگەکانی ئادار و نیسان و ئایار بە تەواوی یان بە پچڕپچڕی قەدەغەی هاتوچۆ پەیڕەوکرا (بەیانەکانی ١٩، ٢٠، ٢١، ٢٥، ٢٦، ٢٧ی ساڵی ٢٠٢٠) و پێبژاردنی دارایی بۆ ئەو شوفێرانەی پێشێلی قەدەغەی هاتوچۆ دەکەن، بڕیاری لێدرا (بەیانی ژمارە ١٩ی ساڵی ٢٠٢٠). بینرا کە حکومەت ناچاربووە پۆلیس و هێزە ئەمنییەکانی دیکە بخاتە سەر شەقامەکان بۆ پابەندکردنی خەڵک. وێڕای ئەوەی بابەتی قەدەغەی ناچاری لە هەندێ وڵاتی دیکەش پەیڕەوکرا، ئەوەی لێرە مەبەستە ئەوەیە کە سیاسەتی پابەندبوونی ئاسایی و خۆکرد لە هەرێمی کوردستان یەکجار زەحمەتە. لەگەڵ ئەوەی پەتاکە گەردوونییە و لە هەموو وڵاتاندا بڵاوبۆتەوە و ڕۆژانە میدیاکان هەواڵەکانی ئەو پەتایە بڵاودەکەنەوە، کەچی هێشتا لە مانگەکانی یەکەمدا هەندێ خەڵک و سیاسی و میدیاکار باوەڕیان بەوە نەبوو کە پەتاکە دەگاتە هەرێمی کوردستانیش و ڕێوشوێنەکانی حکومەتی هەرێمیان لە چوارچێوەی قازانجی تەسکی سیاسیدا لێکدەدایەوە. ئەمەش هێندەی دیکە هاوڵاتییانی لە خۆپارێزیدا ساردکردەوە. ژمارەیەک پزیشکی ناودار لە هەولێر لە کۆتایی مانگی حوزەیرانی ٢٠٢٠ لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا نیگەرانیی خۆیان ڕاگەیاند بەرانبەر بە پابەندنەبوونی خەڵک و دەستپێکردنەوەی گەشت و سەیران لە دوای کۆتایی هاتن قەدەغەی هاتوچۆ. ئەوان داوایان لە خەڵک کرد کە پابەندی ڕێنماییەکان بن چونکە دامەزراوەکانی تەندروستی لەوە زیاتر بەرگە ناگرن (ڕووداو، ٢٠٢٠). دواتریش کە بە گوێرەی ڕێنماییەکانی لیژنەی باڵای بەرەنگاربوونەوەی کۆڕۆنا بەستنی ماسک لە ناو ئۆتۆمبێل و شوێنە گشتییەکان کراوەتە ناچاری (بەیانی ژمارە ٥٢ی ساڵی ٢٠٢٠)، دیسان حکومەت بە هێزی پۆلیس و پێبژاردنی دارایی ناچارە خەڵک پابەند بکات. بۆیە لە هەرێمی کوردستان ڕێکاری پابەندبوونی ئارەزوومەندانەی تاکپارێزی کە لە سوید

پەیڕەودەکرێت بە هیچ جۆرێک کار ناکات و کارەساتی گەورە بە دوای خۆی دێنێت. ئەوانەی داوا دەکەن کە حکومەت پشت بە پابەندبوونی ئارەزوومەندانەی خەڵک ببەستێت، ئەو جیاوازییە نابینن. بۆیە حکومەتی هەرێم کارێکی باش دەکات هەموو جۆرە گردبوونەوەیەکی گەورە سنووردار دەکات تا دۆخەکە لەسەر ئاستی دونیا ئاسایی دەبێتەوە.

لە بەر ئەو کێشەیەی لە پرسی متمانە لە نێوان زۆرینەی خەڵک و حکومەتدا هەیە، پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان باشتر پەنا بۆ دامەزراوە کاریگەرەکانی دیکەی ناو کۆمەڵگە ببات بۆ گەیاندنی پەیامەکانی خۆپارێزی. بۆ نموونە تا تەواوکردنی ئەو توێژینەوەیەش مامۆستایانی ئاینی و مزگەوت، کە خاوەن قورساییەکی یەکجار گەورەن لە کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستان، ڕۆڵی گەورە و چاوەڕوانکراوی خۆیان نەگێڕاوە.

دووەم: کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستان لە ڕووی دابەشبوونی دانیشتوان بەسەر خانووەکان بە تەواوی پێچەوانەی سویدە. لێرە بە تەنیایی ژیان یەکجار کەم و دەگمەنە. گەنجان (کوڕەکان بە تایبەت) دوای هاوسەرگیریش تا ماوەیەک ڕێژەیەکیان لەماڵی باوانیان دەمێننەوە. بۆیە پێکهاتەی خێزان لە کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستان لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە تێکەڵە و بواری دوورەپەرێزی کۆمەڵایەتی سروشتی و خۆکرد نییە. لە هەر ماڵێک چەند کەسێک لە دەرەوە کار دەکەن و بە بەردەوامی تێکەڵاوی خەڵکی دیکە دەبن. بۆیە ئاستی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسەکە لە هەرێمی کوردستان بواری ئاسانتر و زیاتری هەیە وەکو ئەوەی لە سوید هەیە.

سێیەم: لە ڕووی تەمەنەوە، کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستان و سوید بە تەواوی پێچەوانەن (بڕوانە پاشکۆی ژمارە ٤). عێراق بە هەرێمی کوردستانیشەوە بە گشتی وڵاتێکی گەنجە. بۆیە ئەگەر لە سوید ڕێژەی

هەرە زۆری ئەوانەی مردن خەڵکی بە تەمەنن، لە هەرێمی کوردستان ئەگەر خۆپارێزی باش بکرێت دەکرێ ڕێژەی مردن کەمبکرێتەوە چونکە هەندێ گرووپی تەمەن لە سوید هەن لە هەرێمی کوردستان ڕێژەکەیان یەکجار کەمە.

چوارەم: بابەتی بەکارهێنان و بەکارنەهێنانی ماسک لە ڕووی زانستییەوە جیاوازی لەسەرە. لە سوید بەستنی ماسک لە قۆناغی یەکەم نەکرایە ناچاری چونکە بە ڕای پسپۆڕانی تەندروستیی ئەو وڵاتە، لە ڕووی زانستییەوە ناتوانرێ بسەلمێندرێ کە ماسک ڕێگری لە بڵاوبوونەوە دەکات (Milne and Khan, 2020). هەروەها بەهۆی بوونی بۆشایی تاکەکەسی (Personal space) وەکو بەشێک لە کلتووری سوید و زۆر وڵاتی دیکەی ڕۆژئاوایی لە کاتی ئاخاوتن و گفتوگۆدا، بەستنی ماسک بە پێویست نەزانراوە لە هەموو دیدارێکدا. لە کاتێکدا کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستان کۆمەڵگەیەکی یەکجار تێکەڵاوە و لە کاتی گفتوگۆ و دانیشتن لێکنزیکبوونەوەی زۆر هەیە و یەکتر ماچکردن و تەوقە و یەکتر لە ئامێزگرتن لەگەڵ هاوڕەگەزت (مێ لەگەڵ مێ و نێر لەگەڵ نێر) بەشێکە لە گەرموگوڕی و خۆشەویستی کە دوای زیاتر لە ١٠ مانگ بڵابوونەوەی کۆڕۆنا و ڕۆژانە بڵاوکردنەوەی ڕێنماییەکان، بۆ خەڵک ئاسان نییە کە وازی لێ بهێنن، وێڕای ئەوەی بەرەوپێشچوونی باش لە خۆپارێزی لە کۆتایی شەپۆلی یەکەم ڕوویداوە. بۆیە کارێکی باشە کە هانی خەڵک دەدرێت ماسک ببەستن بە تایبەت کە بڵاوبوونەوەکە لە ڕێی دەم و کۆئەندامی هەناسەوەیە.

پێنجەم: ڕاستە سوید بە هیچ جۆرێک قەدەغەی هاتوچۆی ڕانەگەیاند کە دیسان ئەوەش پەیوەندی بە کلتووری تاکپارێزی و ڕەچاوکردنی ڕێنماییەکان لەلایەن زۆرینەی خەڵک و هەروەها پەیوەندی بە تێڕوانینی ئاژانسی تەندروستی سوید هەبوو کە قەدەغەی هاتوچۆی بە چارەسەر

نەزانی و بە گوێرەی یاساش ئەو دەسەڵاتەی نەبوو. بە گوێرەی لێکدانەوەی وەزیری تەندروستیی حکومەتی هەرێمی کوردستان قەدەغەی هاتوچۆ هاوکارێکی باشی درەنگخستن و هێواشکردنەوەی تووشبوون بوو بە ڤایرۆسەکە تا دامەزراوەکانی کەرتی تەندروستی ئامادەکاری بکەن (کوردستان ٢٤، ٢٠٢٠). واتا لە هەرێمی کوردستانیش قەدەغەی هاتوچۆ وەکو چارەسەر سەیرنەکراوە بە قەد ئەوەی وەکو میکانیزمێک بۆ کەمکردنەوەی تووشبوون بوو تا نەخۆشخانەکان و دامەزراوەکانی تەندروستی بەرگەی ژمارەی تووشبووان بگرن.

## دەرئەنجامەکان

ئەم توێژینەوەیە هەڵوەستەیە لە سەر ڕێکارێکی جیاوازی بەرەنگاربوونەوەی ڤایرۆسی کۆڕۆنا کە لە وڵاتی سوید لە بەرەنگاربوونەوەی تەوژمی یەکەمی ڤایرۆسەکە لە کانوونی دووەم تا تشرینی یەکەمی ٢٠٢٠ پەیڕەوکراو و بە تەواوی جیاواز بوو لەگەڵ هەندێ لایەنی ڕێکاری باوی دونیا. توێژینەوە بەم ئەنجامانەی خوارەوە گەیشتووە کە وەڵامی پرسیارەکانی توێژینەوەن:

یەکەم: ئەزموونی سوید لەلایەن میدیا و لێکۆڵەران و چاودێرانەوە وەکو ڕێکارێکی جیاواز و ناوازە بە بەراورد بە ڕێگا و ڕێوشوێنی وڵاتانی دیکە ناسێنرا. جیاوازییە گەورەکە ئەوە بوو کە قەدەغەی هاتوچۆ بە هیچ فۆرمێک ڕانەگەیاندرا، هاوڵاتییان ناچارنەکران لە ماڵەوە بمێننەوە، بە زۆر ماسکیان پێ نەبەسترا، بازاڕ و شوێنەکانی کاتبەسەربردن دانەخران، قوتابخانەکان بۆ قوتابییانی خوار تەمەنی ١٦ساڵی بە کراوەیی هێڵرانەوە، کە ئەمانە بە تەواوی جیاوازن و پێچەوانەن لەگەڵ ڕێکاری باوی زۆرینەی وڵاتانی دیکەی دونیا. ئاژانسی تەندروستی و حکومەتی سویدی بە مافی خۆیان نەزانی ئەم ڕێوشوێنانەی سەرەوە بگرنەبەر کە سنووردارکردنی تەواوی ئازادی کەسییە، وێڕای ئەوەی باوەڕیان وابوو کە سوودی زۆریشی نییە لە ڕێگریکردن لە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسەکە. بەڵام بۆ خۆپارێزی هەندێ ڕێوشوێنی ئارەزوومەندانە خرانە بەردەستی خەڵک. بۆ نموونە داوا لە خەڵک کرا کە پەیڕەوی لە پاکوخاوێنی دەستەکان بکەن، کاتێک لەگەڵ کەسانی دیکەن، بۆشایی نێوانیان زیاتر بکەن و مەودای یەک مەتر و نیو بهێڵنەوە، گەشت نەکەن ئەگەر پێویست نەبوو، نەڕۆنە شوێنی زۆر قەرەباڵغ، خۆیان لە گردبوونەوە بپارێزن، گردبوونەوەی خەڵک کە زیاتر بێت لە ٥٠ کەس قەدەغەکرا. ئەم ڕێوشوێنانە گیرانەبەر لە پێناوی ئەوەی ڕێگریبکەن لە خێرا بڵاوبوونەوەی

ڤایرۆسەکە، ئەمەش بۆ ئەوەی دامەزراوەکانی کەرتی تەندروستی بتوانن بەرگەبگرن و چاودێری ئەو خەڵکانە بکەن کە توشی ڤایرۆسەکە دەبن و پێویستییان بە چاودێری چڕ هەیە.

دووەم: لە ڕووی دامەزراوەییەوە، ڕێکاری سوید لەلایەن ئاژانسی تەندروستیی گشتی سویدی داڕێژراو و جێبەجێکرا. ئەم ئاژانسە دەزگایەکی دەوڵەتی نیمچە سەربەخۆیە و ڕێنمایی و ڕاویژەکانی لەلایەن حکومەت و دەزگاکانی دیکەی دەوڵەت جێبەجێدەکرێن. واتا لە سوید ئەو ئاژانسە ڕێبەرایەتیی بەرەنگاربوونەوەی کۆڕۆنا دەکات نەک حکومەت و بەرپرسەکانی دیکە وەکو ئەوەی لە وڵاتانی دیکە باوە. ئەمەش لە دەستوور و یاساکانی ئەو وڵاتە جێگای کراوەتەوە و سەدان ساڵە پەیڕەوی لە جیاکردنەوەی دەسەڵاتی دامودەزگاکان دەکرێت.

سێیەم: ڕێکاری سوید ڕەنگدانەوەی تایبەتمەندییە کلتووری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی خۆیانە. ئەم توێژینەوەیە بەو ئەنجامە گەیشتووە کە لەبەرئەوەی کۆمەڵگەی سویدی کۆمەڵگەیەکی تاکپارێز و تاکگەرایە و ژمارەیەکی هەرە زۆری خەڵکەکە لە خانووێکدا بە تەنیا دەژین، بۆیە دوورەپەرێزیی کۆمەڵایەتی بە شێوەیەکی خۆکرد هەیە و پێویست نەبووە خەڵک بە زۆر ڕەوانەی ماڵەوە بکرێنەوە. واتا بە شێوەیەکی سروشتی فۆرمێک لە دوورەپەرێزیی کۆمەڵایەتی بوونی هەیە، لە کاتێکدا لە بەشێک لە وڵاتاندا، هەرێمی کوردستانیش وەکو نموونە، تێکەڵاوی زۆر یەکێکە لە ڕێگا هەرە دیارەکانی بڵاوبوونەوەی زۆری ڤایرۆسەکە. لە هەرێمی کوردستاندا چونکە سروشتی کۆمەڵگەکە جیاوازە و خێزان بە قەبارە گەورەیە و خەڵک کۆمەڵایەتین و حەز بە تێکەڵاوی دەکەن، دوورەپەرێزیی کۆمەڵایەتی و خۆپارێزیی ئارەزوومەندانە کارێکی ئاسان نییە.

چوارەم: پەیوەندی و متمانەی سیاسیی نێوان خەڵک و دەوڵەت یەکێکە لە بنەماکانی جێبەجێکردنی ڕێسا و یاساکان لە هەموو دونیادا. لە سوید، متمانەیەکی گەورە لەلایەن خەڵکەوە بە دامەزراوەکانی دەوڵەت، بە تایبەت پسپۆڕان و پزیشکان هەیە. بۆیە کاتێک ڕێنمایی خۆپارێزی دەردەکەن، وەکو خۆی لەلایەن خەڵکەوە پەیڕەو دەکرێت. لەسەر ئەم بنەمایە بۆ ئاژانسی تەندروستیی سویدی ئاسانتر بوو کە پشت بە تاکپارێزی ببەستێت و ڕێنمایی بداتە خەڵک کە ئاگایان لە پاراستنی خۆیان و ئەندامانی خانەوادەکانیان بێت لە کاتێکدا لە هەرێمی کوردستاندا دۆخەکە تا ڕادەییەکی زۆر پێچەوانەیە. لاوازیی متمانەی نێوان خەڵک و دامەزراوەکانی حکومەت بۆتە یەکێک لەو هۆکارانەی کە خەڵک ئارەزوومەندانە پابەندی ڕێنماییەکان نابن ئەگەرچی بۆ پاراستنی گیانی خۆشیان بێت. حکومەت ناچارە بۆ جێبەجێکردنی ڕێنماییەکانی، وەکو هەندێ وڵاتی دیکەش پەنا بۆ هێزی پۆلیس و یاسا ببات.

پێنجەم: ژمارەیەکی زۆری ئەوانەی لە تەوژمی یەکەمی ڤایرۆسەکە لە سوید بوونە قوربانی، ئەوانەن کە بەتەمەنن و لەماڵەوە یان لە خانەکانی چاودێری و سەرپەرشتی ژیاون. بوونی هەندێ کەموکوڕی لە مامەڵەکردن لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسەکە لە سەرەتاکاندا لەناو خانەکانی چاودێری و لاوازیی هۆشیاریی تیمەکان لەناو ئەو خانانە، گورزی گەورەی لە بەتەمەنەکاندا. زیاتر لە سێ بەشی ئەوانەی لە تەوژمی یەکەم بوونە قوربانی و مردن، ئەوانەن کە لە گرووپەکانی تەمەنی نێوان ٦٠ تا ٩٠ ساڵی بەرەوسەرەوەن، ئەمەش وەکو خاڵێکی نەرێنی لەسەر ستراتیژەکە تۆمارکرا.

## پەراوێزەکان

* ئەم جۆرە لە سیستەمی بەرگری پێشی دەگوترێ بەرگریی کۆمەڵگە Community immunity، بەم جۆرە پێناسە کراوە کە بریتییە لە بەرگریی کۆمەڵگە لە ڤایرۆسێک کاتێک ڕێژەیەکی زۆری خەڵک توشی ڤایرۆسەکە دەبن و لەشیان بەرگری دروست دەکات بەهۆی کوتان یان بەرگریی سروشتی لەش. بەم جۆرە هەندێ خەڵک ڤایرۆسەکە دەگرن و چاک دەبنەوە. بڕوانە (APIC,2015; Walsh, 2020)

** کەرەنتین (Quarantine) دەستەواژەیەکی ئینگلیزییە و لەمێژە لە کاتی پەتادا بەکارهێنراوە بۆ دابڕاندنی ئەو خەڵکانەی کە نیشانەکانی پەتاکەیان هەیە یان بوونەتە بەرکەوتەی تووشبووان. ئەم ڕێوشوێنە دەگیرێتە بەر بۆ ئەوەی سنوور بۆ تەشەنەکردن و بڵاوبوونەوەی خێرای پەتاکە دابندرێت و دامەزراوە تەندروستییەکان فریای چارەسەرکردنی تووشبووەکان بکەون. ئەم دەستەواژەیە لە دوای بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا جارێکی دیکە بە بەربڵاوی لە سەر ئاستی دونیا بەکاردەهێندرێت بۆ دابڕاندنی ئەوانەی بوونەتە هەڵگری ڤایرۆسەکە لە خەڵکی دیکە (بڕوانە: CDC,2020). لە هەرێمی کوردستان ڕەنگە پسپۆڕانی تەندروستی ئەو دەستەواژەیان پێشتر زانیبێت، بەڵام بۆ خەڵکی ئاسایی تەنیا لە کۆنگرە ڕۆژنامەوانییە سەرەتاکانی وەزیری تەندروستی و وەزیری ناوخۆ گوێیان لەو دەستەواژە نوێیە بوو، دواتر کەوتە سەر زاری خەڵک و بڵاوبووەوە و بەکارهێندرا ( لێکۆڵەر).

## ژێدەرەکان

### یەکەم: کوردی

### آ. کتێب


– سالح عومەر عیسا و بارزان جەوهەر. ٢٠١٩. متمانەی سیاسی بە حکومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق. توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە هەرێمی کوردستان. توێژەر. ٢(٢).


### بەیانی فەرمی حکومەت


- بەیانی ژمارە ١٩ی ساڵی ٢٠٢١، وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ڕۆژی بڵاوبوونەوەی بەیان ١٧ی ئاداری ٢٠٢٠.
- بەیانی ژمارە ٢٠ی ساڵی ٢٠٢١، وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ڕۆژی بڵاوبوونەوەی بەیان ١٨ی ئاداری ٢٠٢٠.
- بەیانی ژمارە ٢١ی ساڵی ٢٠٢١، وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ڕۆژی بڵاوبوونەوەی بەیان ٢٢ی ئاداری ٢٠٢٠.
- بەیانی ژمارە ٢٥ی ساڵی ٢٠٢١، وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ڕۆژی بڵاوبوونەوەی بەیان ٦ی نیسانی ٢٠٢٠.
- بەیانی ژمارە ٢٦ی ساڵی ٢٠٢١، وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ڕۆژی بڵاوبوونەوەی بەیان ١٠ی نیسانی ٢٠٢٠.
- بەیانی ژمارە ٢٧ی ساڵی ٢٠٢١، وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ڕۆژی بڵاوبوونەوەی بەیان ١٦ی نیسانی ٢٠٢٠.

- بەیانی ژمارە ٥٢ی ساڵی ٢٠٢١، وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ڕۆژی بڵاوبوونەوەی بەیان ٢٤ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٠.

**دیداری تەلەفزیۆن**

- کوردستان ٢٤، ٢٠٢٠. دیدار لەگەڵ بەڕێز د. سامان بەرزنجی وەزیری تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان. ڕۆژی بڵاوبوونەوە ٢٠٢٠/٨/١٨. ڤیدیۆکە لە سەر پەیجی فەرمی کوردستان ٢٤ لەسەر ئەم لینکە بەردەستە: https://www.facebook.com/watch/live/?v=2265512266927657&ref=watch_permalink

- ڕووداو، ٢٠٢٠. کۆنفرانسی ڕۆژنامەوانی پزیشکانی هەولێر لە بارەی کۆڕۆنا. ڕاستەوخۆ لە ٢٠٢٠/٦/٢٣ بڵاو کرایەوە و ڤیدیۆی کۆنفرانسەکە لەم لینکە لە سەر پەیجی فەرمی ڕووداو بەردەستە:

https://www.facebook.com/watch/live/?v=1303936599997432&ref=watch_permalink

**دووەم: ئینگلیزی**

**کتێب**

- Zmerli, Sonja & Hooghe, Marc.2013. Political Trust: why context matters. *ECPR Press.*

**توێژینەوە**

– Barinaga, Ester. 1999. Swedishness through *lagom*. Can words tell us anything about a culture? *Centre for Advanced Studies in Leadership*.17.

– Einfeld, C. (2019). Nudge and evidence-based policy: Fertile ground. *Evidence & Policy* , 15(4), 509–524.

– Pierre, Jon. 2020. Nudges against pandemics: Sweden's Covid-19 containment strategy in perspective. *Policy and Society*. 39 (3).

**ڕاپۆرتی ڕۆژنامەوانی**

– APIC. 2015. Infection Prevention and you. Published by *Association for Professionals in Infection Control and Epidemiology*: Washington DC. Available online at: https://apic.org/Resource_/TinyMceFileManager/for_consumers/IPandYou_Bulletin_Herd_immunity.pdf Accessed 12/4/2020.

– Bentley, Daniel and McCallum, Alex. 2019. Rise and Fall: The shift in household growth rates since the 1990s. CiviTas. Available online at: http://www.civitas.org.uk/content/files/riseandfalltheshiftinhouseholdgrowthratessincethe1990s.pdf Accessed 10/9/2020

– Birnbaum, Michael. 2020. Scientist behind Sweden's covid-19 strategy suggests it allowed too many deaths. *The Washington Post*. Published 4/6/2020. Available online at:

– **https://www.washingtonpost.com/world/europe/sweden-epidemiologist-anders-tegnell/2020/06/03/063b20e4-a5a0-11ea-b619-3f9133bbb482_story.html** Accessed 20/6/2020

- Braw, Elisabeth. 2020. What Sweden Can Teach Us About Coronaviurs. Letter From Stockholm. Politico. Published 7/3/2020. Available online at:
- https://www.politico.com/news/magazine/2020/07/03/what-sweden-can-teach-us-about-coronavirus-348462 Accessed 10/5/2020
- Braw, Elisabeth. 2020. What Sweden can teach us about coronavirus. Politico. Published 7th of March 2020, updated 7th of July 2020. Available online at: https://www.politico.eu/article/sweden-coronavirus-lessons/ Accessed 22/7/2020
- CDC. 2020. When to Quarantine? *Centers for Disease Control and Prevention*. Last Updated. 10/09/2020. Available online at:
- https://www.cdc.gov/coronavirus/2019-ncov/if-you-are-sick/quarantine.html#:~:text=Quarantine%20is%20used%20to%20keep,the%20virus%20without%20feeling%20symptoms. Accessed 20/09/2020
- CIA Factbook, 2020. Country's profile (Sweden). Available at: https://www.cia.gov/library/publications/the-world-factbook/geos/sw.html Accessed 10/4/2020
- Crave, 2020. 'ensam är stark'; The new lifestyle trend from Sweden. Crave Magazine. Published 13/8/2020. Available online at: https://cravemag.co.uk/health-beauty/ensam-ar-stark-the-new-lifestyle-trend-from-sweden/ Accessed 20/8/2020.

- Dean, Sarah and Nyberg, Per. 2020. Sweden defends not locking down over coronavirus, but admits failing to protect the elderly. *CNN*. Published 6/6/2020. Available online at: https://edition.cnn.com/2020/06/03/europe/sweden-coronavirus-lockdown-intl/index.html Accessed 22/6/2020

- Edwards, Catherine. 2020a. Who's actually responsible for Sweden's coronavirus strategy? The Local. Updated 3/4/2020. Available at: https://www.thelocal.se/20200330/whos-actually-in-charge-of-swedens-coronavirus-strategy Accessed 13/4/2020

- Edwards, Catherine. 2020b. What's missing from Sweden's coronavirus strategy? Clear communication. *The Local*. Published 25/3/2020. Available online at:

- https://www.thelocal.se/20200325/whats-missing-from-swedens-coronavirus-strategy-communication Accessed 26/3/2020.

- Edwards, Catherine 2020c. What Sweden's new government powers actually mean (and don't mean). *The Local*. Published 4/4/2020. Updated 10/4/2020. Available at: https://www.thelocal.se/20200408/explained-what-swedens-new-government-powers-actually-mean-in-practice Accessed 11/4/2020

- Ellyatt, Holly (2020). No lockdown here: Sweden defends its more relaxed coronavirus strategy. *CNBC*. Updated 30/3/2020. Available online at:

– https://www.cnbc.com/2020/03/30/sweden-coronavirus-approach-is-very-different-from-the-rest-of-europe.html Accessed 2/4/2020

– Erdbrink, Thomas.2020. Sweden tries out a new status: Pariah State. *New York Times*. Published 22/6/2020, Updated 8/7/2020. Available online at:

– https://www.nytimes.com/2020/06/22/world/europe/sweden-coronavirus-pariah-scandinavia.html Accessed 10/7/2020

– Euronews, 2020. Are care homes the dark side of Sweden's coronavirus strategy? *Euronews YouTube Channel*. Published 19/5/2020. Available online at: https://www.youtube.com/watch?v=MEsY2uYTz1M Accessed 12/6/2020

– Eurostat, 2017. Over half of Sweden's households made up of one person. Available online at: **https://ec.europa.eu/eurostat/web/products-eurostat-news/-/DDN-20170905-1?inheritRedirect=true Accessed 14/6/2020**

– Expressen TV. 2020. 'Ny mätning: Stockholmare bäst på social distansering'. Published 19/5/2020. Available online at:

– **https://www.expressen.se/tv/nyheter/coronaviruset/ny-matning-stockholmare-bast-pa-social-distansering/ Accessed 25/6/2020**

– Fakhir, Intissar and Yerkes, Sarah. 2018. Governance and the future of the Arab World. *Carnegie Endowment for International Peace*. Available online at:

**https://carnegieendowment.org/2018/10/16/governance-and-future-of-arab-world-pub-77501** Accessed 2/4/2020

- Felter, Claire and Bussemaker, Nathalie. 2020. Which Countries are requiring face masks? *Council on Foreign Relations*. Published 4/8/2020. Available online at: https://www.cfr.org/in-brief/which-countries-are-requiring-face-masks Accessed 10/8/2020
- Folkhälsomyndigheten, (2020). Our mission. Available at: https://www.folkhalsomyndigheten.se/the-public-health-agency-of-sweden/about-us/our-mission/ Accessed 12/3/2020
- Foster, Keith (2020). Sweden missed chance to halt coronavirus. *Radio Sweden*. Published 13/3/2020. Available at: https://sverigesradio.se/sida/artikel.aspx?programid=2054&artikel=7428645 Accessed 23/3/2020.
- Franks, Paul W. 2020. Coronavirus: are we understanding how many people have had it? Sweden thinks so. The Conversation. Published 24/4/2020. Available online at: https://theconversation.com/coronavirus-are-we-underestimating-how-many-people-have-had-it-sweden-thinks-so-136893 Accessed 30/4/2020
- Fry, Richard. 2016. For First Time in Modern Era, Living With Parents Edges Out Other Living Arrangements for 18- to 34-Year-Olds. *Pew Research Center*. Published 24/5/2016 Available online at: https://www.pewsocialtrends.org/2016/05/24/for-first-time-in-modern-era-living-with-parents-edges-out-other-living-arrangements-for-18-to-34-year-olds/ Accessed 2/6/2020

- Godin, Melissa (2020). Sweden's Relaxed Approach to the Coronavirus Could Already be backfiring. *Time*. Published 9/4/2020. Available at: https://time.com/5817412/sweden-coronavirus/ Accessed 25/4/2020

- Hartley, Kris & Jarvis, Darryl S. L. 2020. Policymaking in a low-trust state: legitimacy, state capacity, and responses to COVID-19 in Hong Kong. *Policy and Society*. 39(3).

- Henley, Jon (2020). Global confirmed Covid-19 cases top 400,000 – as it happened. *The Guardians*. Updated 25/3/2020. Available at:

- **: https://www.theguardian.com/australia-news/live/2020/mar/24/coronavirus-live-news-updates-us-trump-uk-lockdown-global-deaths-cases-covid19-latest-update?page=with:block-5e7a441a8f081e5eda235f16#block-5e7a441a8f081e5eda235f16**

  Accessed 2/4/2020

- Jakobsen, Siw Ellen. 2020. Swedes trust their experts in the coronavirus crisis. Science Norway. Published 6/4/2020. Available online at:

- https://sciencenorway.no/crisis-epidemic-health/swedes-trust-their-experts-in-the-coronavirus-crisis/1667514

- Karlsson, Carl-Johan. 2020. Sweden’s Coronavirus Failure Started Long Before the Pandemic. *Foreign Policy*. Published 23/6/2020. Available online at:

- https://foreignpolicy.com/2020/06/23/sweden-coronavirus-failure-anders-tegnell-started-long-before-the-pandemic/ Accessed 12/7/2020
- Library of Congress, 2020. Sweden: Legal Responses to Health Emergencies. Updated 24/7/202. Available online at:
- https://www.loc.gov/law/help/health-emergencies/sweden.php Accessed 20/8/2020
- Löfgren, Emma. 2020b. Is Sweden's Openness under threat or is it stronger than ever? The Local. Published 3/7/2017. Available online at:
- https://www.thelocal.se/20170703/is-swedens-trust-transparency-openness-under-threat-or-is-it-stronger-than-ever Accessed 22/7/2020
- Löfgren, Emma. 2020a. Why we're (slightly) changing how. *The Local*. Published 12/3/2020. Available online at: https://www.thelocal.se/20200312/why-were-slightly-changing-how-the-local-covers-the-coronavirus-crisis Accessed 2/9/2020
- Media Press, 2020. Sweden bucks trend in refusing to recommend masks. Published 31/8/2020. Available online at: https://medicalxpress.com/news/2020-08-sweden-bucks-trend-masks.html Accessed 2/9/2020
- Milne, Richard. 2020. Anders Tegnell and the Swedish Covid experiment. *Financial Times*. Published 11/9/2020. Available online at: https://www.ft.com/content/5cc92d45-fbdb-43b7-9c66-26501693a371 Accessed 15/9/2020

- **Milne, Richard and Khan, Mehreen. 2020.** Coronavirus outlier Sweden chooses its own path on face masks. Financial Times. Published 19/8/2020 .Available online at: **https://www.ft.com/content/3148de6c-3b33-42d3-8cf6-d0e4263cea82**. Accessed 20/9/2020

- Miltimeor, Jon. (2020). Could Sweden's Laissed-Faire Approach to the Coronavirus actually work? *FFE – Foundation for Economic Education*. Published 4/4/2020. Available at: https://fee.org/articles/could-sweden-s-laissez-faire-approach-to-the-coronavirus-actually-work/

  Accessed 24/4/2020.

- Orange, Richard. 2020. Anger in Sweden as elderly pay price for coronavirus strategy. The Observer Sweden. *The Guardian*. Published 19/4/2020. Available online at: https://www.theguardian.com/world/2020/apr/19/anger-in-sweden-as-elderly-pay-price-for-coronavirus-strategy
  Accessed 5/5/2020.

- Paterlini, Marta. 2020. "Closing borders is ridiculous": the epidemiologist behind Sweden's controversial coronavirus strategy. *Nature*. Published 21/4/2020. Available online at: https://www.nature.com/articles/d41586-020-01098-x
  Accessed 22/4/2020

- Picheta, Rob. 2020. What happens if a coronavirus vaccine is never developed? It has happened befor. *CNN Health.* Published 4/5/2020. Available at:

https://edition.cnn.com/2020/05/03/health/coronavirus-vaccine-never-developed-intl/index.html Accessed 5/5/2020.

- Pieper, Dietmar.2020. The High Price of Freedom in Sweden. *Spriegel International*. Published 12/5/2020. Available online at: https://www.spiegel.de/international/europe/too-casual-with-covid-19-the-high-price-of-freedom-in-sweden-a-1eb30579-b5e8-44e5-9743-21adfb1242a0 Accessed 12/5/2020

- Savage, Maddy. 2020. Could the Swedish lifestyle help fight coronavirus? BBC. Published 28th of March 2020. Available online at:

- **https://www.bbc.com/worklife/article/20200328-how-to-self-isolate-what-we-can-learn-from-sweden**

- Savage, Maddy. 2019. Why so many young Swedes live alone. *BBC Worklife*. Published 22/8/2019. Available online at: https://www.bbc.com/worklife/article/20190821-why-so-many-young-swedes-live-alone Accessed: 22/4/2020.

- Sweden.se.2020. Elderly Care in Sweden. Available at: https://sweden.se/society/elderly-care-in-sweden/ Accessed 10/9/2020.

- Sweden, 2020. Sweden and Corona-in brief. Updated 7/4/2020. Available at: https://sweden.se/society/sweden-and-corona-in-brief/ Accessed 12/4/2020

- Sydow, Björn von. 2018. Resilience: Planning for Sweden's "Total Defence". *NATO Review*. Published 4/4/2018. Available online at:

- https://www.nato.int/docu/review/articles/2018/04/04/resilience-planning-for-swedens-total-defence/index.html Accessed 14/5/2020

- Tanner, Claudia. 2020. Sweden residents reveal what life is like with no coronavirus lockdown: 'We have more freedom but it's not business as usual'. Inews. Published 25/4/2020. Available online at: https://inews.co.uk/news/sweden-coronavirus-lockdown-bars-restaurants-open-rules-explained-421636 Accessed 12/5/2020

- The Lancet (2020). COVID-19: learning from experience. Updated 28/3/2020. Available at: https://www.thelancet.com/journals/lancet/article/PIIS0140-6736(20)30686-3/fulltext#coronavirus-linkback-header Accessed 2/4/2020

- The Local, 2020. Coronavirus: Sweden admits failure to protect elderly in care homes. Published 10/5/2020. Available online at: https://www.thelocal.se/20200510/coronavirus-sweden-admits-failure-to-protect-elderly-in-care-homes Accessed 22/5/2020

- Walsh, Michael. 2020. Sunny Stockholm eyes herd immunity, but was Sweden's relaxed coronavirus strategy worth it? *ABC*. Published 24/4/2020. Available at:

- https://www.abc.net.au/news/2020-04-24/swedens-capital-nears-herd-immunity-relaxed-coronavirus-strategy/12177514 Accessed 22/5/2020

**الخلاصة**

تركز هذه الدراسة على الاستراتيجية السويدية التي اتبعتها لمجابهة جائحة كوفيد -١٩ الذي بدأ في الصين في نهاية عام ٢٠١٩ ثم بدأ في الانتشار حول العالم كنموذج مستجد من سلالة فيروسات كورونا، حيث اتخذت السويد طريقة متميزة للتعامل مع الموجة الأولى من هذا الوباء من يناير إلى أكتوبر ٢٠٢٠. فهي لم تفرض حظر التجوال، ولم تجبر الناس على البقاء في منازلهم، ولم تغلق الأسواق، وبقيت المدارس مفتوحة لمن هم دون سن ١٦. الا ان بعض الحسابات الخاطئة والمشاكل المتراكمة داخل دور الرعاية أسفرت عن وفاة حوالي ٦٠٠٠ شخص خلال الموجة الأولى من الفايروس، حيث كانت الغالبية العظمى للضحايا من كبار السن الذين تتراوح أعمارهم بين ٦٠ و ٩٠ عاما. وقد استندت هذه السياسة المتميزة إلى بعض خصائص المجتمع السويدي والتي اهمها ترسيخ الثقة بين الناس ومؤسسات الدولة، وبالتالي فان هذه السياسات القائمة على الثقة، والتباعد الاجتماعي الطبيعي، كونت ثقافة المسؤولية المشتركة التي اتبعها السويديون خلال الأزمة وادت الى تحقيق نتائج فريدة لمواجهة الوباء الفتاك. وسلطت هذه الدراسة القائمة على المنهج النوعي الضوء على سمات الاستراتيجية السويدية حيث يعد فهمها امرا بالغ الاهمية كي تتمكن حكومة اقليم كوردستان من الاستئناس بها واتخاذها اساسا في عملها لمواجهة وباء كورونا، وهذا ما هدفت اليه هذه الدراسة من خلال طرحها لبعض الاسئلة الهامة بكل ما يتعلق بالاستراتيجية وخصائص المجتمع السويدي ليتسنى لكوردستان الاستفادة القصوى من هذه التجربة.

## Abstract

This study focuses on the Sweden coronavirus strategy as a unique model among the common one, to tackle the covid-19 pandemic which started in China at the end of 2019 and then started spreading around the world. Sweden took a distinct way to deal with the first wave of the pandemic from January to the end of October 2020. It did not impose a lock down, did not force people to stay at home, did not close the markets and left the schools for people under 16 open. Although this strategy resulted in the death of around 6000 within the first wave, most of the victims were elderlies aged 60 to 90 years old who lost their lives due to some miscalculations and problems inside the care homes. This counted as a dark side of the strategy. This study raises some questions regarding the uniqueness of Swedish approach and how it differs from the common approach in most countries. It also seeks to find out on what bases this approach has been built and how Kurdistan Region can benefit from it. The study found out that the unique policy was based on some characteristics of the society such as the trust between people and the government and public institutions, trust-based policies, natural social distancing, and the common responsibility culture followed by Swedes during the crisis. Understanding these traits are critical before assessing the Sweden Coronavirus strategy. This study also highlights some key areas which could be taken as lessons for Kurdistan Government to consider during the pandemic. This study follows the qualitative approach to collect its data and employ analytical and descriptive methods to present and analyses the collected date.

## پاشكۆكان




**پاشكۆی ژماره ١**

**ڕێژەی نیشتەجێبوون بە تەنیا لە یەک خانوودا لە وڵاتانی ئەوروپا کە سوید لە ڕیزی یەکەمدایە**

**Estimated average age of young people leaving the parental household by sex**

Last update: 21.04.20

Source of data: Eurostat

**UNIT:** Average **TIME:** 2019

| SEX | Total | Males | Females |
|---|---|---|---|
| GEO | | | |
| European Union - 28 countries (2013-2020) | 25.9 | 26.9 | 25.0 |
| Euro area - 19 countries (from 2015) | 26.1 | 26.9 | 25.3 |
| Belgium | 25.2 | 25.9 | 24.5 |
| Bulgaria | 30.0 | 32.1 | 27.6 |
| Czechia | 25.8 | 26.9 | 24.7 |
| Denmark | 21.1 | 21.3 | 20.8 |
| Germany (until 1990 former territory of the FRG) | 23.7 | 24.4 | 22.9 |
| Estonia | 22.2 | 22.6 | 22.0 |
| Ireland | 26.8 | 27.5 | 26.1 |
| Greece | 28.9 | 30.1 | 27.7 |
| Spain | 29.5 | 30.3 | 28.7 |
| France | 23.6 | 24.5 | 22.9 |
| Croatia | 31.8 | 33.6 | 29.9 |
| Italy | 30.1 | 31.0 | 29.1 |
| Cyprus | 27.1 | 27.9 | 26.3 |
| Latvia | 26.6 | 28.1 | 24.8 |
| Lithuania | 25.9 | 27.1 | 24.7 |
| Luxembourg | 20.1 | 20.0 | 20.3 |
| Hungary | 27.2 | 28.5 | 25.8 |
| Malta | 29.9 | 30.5 | 29.2 |
| Netherlands | 23.7 | 24.4 | 23.0 |
| Austria | 25.4 | 26.2 | 24.6 |
| Poland | 27.4 | 28.5 | 26.3 |
| Portugal | 29.0 | 29.7 | 28.3 |
| Romania | 28.1 | 30.3 | 25.7 |
| Slovenia | 27.7 | 28.6 | 26.6 |
| Slovakia | 30.9 | 32.1 | 29.6 |
| Finland | 21.8 | 22.5 | 21.0 |
| Sweden | 17.8 | 18.0 | 17.6 |
| United Kingdom | 24.6 | 25.4 | 23.8 |
| Montenegro | 33.1 | 35.4 | 31.0 |
| North Macedonia | 31.8 | 35.6 | 28.0 |
| Turkey | 27.5 | 29.7 | 25.4 |
| EU27 | : | : | : |

**پاشکۆی ژمارە ٣**

**ڕێژەی مردن بە کۆڕۆنای نوێ لە سوید بە گوێرەی تەمەن تا ٢٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٠**




**پاشکۆی ژمارە ٤**

**جیاوازی دابەشبوونی دانیشتوان بە گوێرەی گروپەکانی تەمەن لە سوید و عێراق ساڵی ٢٠٢٠**


Iraq - 2020
100 +
95-99
90-94
85-89
80-84
75-79
70-74
65-69
60-64
55-59
50-54
45-49
40-44
35-39
30-34
25-29
20-24
15-19
10-14
5-9
0-4
3
2.5
2
1.5
1
0.5
0
0.5
1
1.5
2
2.5
3
Population (in millions)
Male
Female
Sweden - 2020
100 +
95-99
90-94
85-89
80-84
75-79
70-74
65-69
60-64
55-59
50-54
45-49
40-44
35-39
30-34
25-29
20-24
15-19
10-14
5-9
0-4
0.4
0.3
0.2
0.1
0
0.1
0.2
0.3
0.4
Population (in millions)
Source: cia.gov
Male
Female